وتوێژ لەگەڵ بەڕێز ... ٤




کوشتاری موسڵمانەکانی باشووری ... ٥




خەڵکی بێ تاوان، قوربانیانی... ٨



کۆبونەوەی ئاڵماتی و قەیرانی... ١٠



ڕۆژی جیهانی بێهداشت و... ١١




دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٠٣، شەممە، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

بڕوانە لاپەڕەی ٢

# کومیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست پێکهات




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی، کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی لویس ئایالا سکرتێری گشتیی ئینترناسیۆنال سوسیالیست و هەیئەتی دەفتەری پاپاندرۆ سەرۆکی ئینترناسیۆنال سوسیالیست و بە بەشداریی ٢٢ هەیئەت لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان لە شاری سلێمانی پێکهات.

لەم کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەشدار بوو.

سەرەتای ئەو کۆبوونەوە بە پێشکەش کردنی چەند وتەیەك لەلایەن سکرتێری سوسیالیست ئینترناسیۆنال دەستی پێکرد.

ئایالا لە قسەکانیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە مێژووی پێوەندیی کورد و ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە چەند دەیەی ڕابردوودا، پڕژایە سەر ڕۆڵی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و وتی: کورد لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە بە ئینتر نا سیۆ نا ل سو سیا لیست ناسێنرا.

دواتر مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، وێڕای باسێکی مێژوویی لە ئینتر نا سیۆ نا ل سو سیا لیست، ڕۆڵی کەسایەتییەکانی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، جەلال تاڵەبانی و دوکتور مەحموود عوسمانی بەنیسبەت ئەم ڕێکخراوە جیهانییە بەرز نرخاند.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا لایەنە بەشدارەکانی چوار پارچەی کوردستان، ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر ئەو کۆمیتەیە و بارودۆخی ئەو بەشەی کوردستان پێشکەش کرد.

لەم پێوەندییەدا بەڕێز «حەسەن شەرەفی» باسی هەلومەرجی هەنووکەیی کوردستانی ئێرانی کرد و ئاماژەی بە سیاسەتی دژە مرۆیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد و سەرەڕۆیی ئەو ڕێژیمەی لە پێوەندیی لەگەڵ تیرۆر و دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی دەرەکیدا باس کرد.

پاشان هەرکام لە نوێنەران، ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ کاروباری داهاتووی کۆمیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست خستە بەر باس.

کاك حەسەن شەرەفی بەرپرسی شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆنال سوسیالیست، وێڕای ئاماژە بە ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەدا وتی: کومیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست نابێ جیاوازی لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا دابنێت و دەبێ بە یەك چاو سەیری چوار پارچەی کوردستان بکات و تێکۆشانی ئەو کومیتەیە هەموو بەشەکانی کوردستان بگرێتەوە.

لە کۆتاییدا هەڵبژاردن بۆ بەرپرس و دوو جێگری بەرپرسی کومیتەی کورد لە ئینترناسیۆنال سوسیالیست کرا و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان وەکوو بەرپرس و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی BDP وەکوو جێگرەکانی بەرپرسی ئەو کومیتەیە هەڵبژێردران.

## ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان توندوتیژییەکانی سوورییەی مەحکوم کرد

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یەکەمین جار لە ڕێژیمی ئەسەد و گرووپە دژبەرەکان داوا دەکا کە لە درێژەدان بە توندوتیژی لە سووریە خۆ ببوێرن. هاوکات یاریدەدەرانی نێونەتەوەیی داوایان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە کە دەرەتان بۆ یارمەتی گەیاندن بە هاووڵاتیانی سووریە دابین بکەن.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕۆژی پێنجشەممە (١٨ی ئاوریل /٢٩ خاکەلێوە) توانیی بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك توندوتیژی لە سووریە مەحکووم بکا. لەم ڕاگەیەندراوەدا ئەنجومەنی ئاسایش داوای لە لایەنە پێوەندیدارەکانی پرسی سووریە کردووە کە بە زووترین کات کۆتایی بە خوێنڕشتن بێنن.

هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ڕێژیمی ئەسەد و گرووپە دژبەرەکانی مەحکووم کردووە. لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: «توندوتیژی ڕوولە زیادبوون قەبووڵ ناکرێ و دەبێ بە خێرایی کۆتایی پێ بێ».

چین و ڕووسیە تا پێش لەمە پێشیان بە پەسەندکردنی بڕیارنامە دژی سووریە و مەحکووم کردنی ڕێژیمی ئەسەد گرتبوو. لە لایەکیترەوە، بە پێی ڕاپۆرتی تۆڕی هەواڵدەریی شۆڕش «سانا الثورە» کە سەر بە دژبەرانی ئەسەدە، ڕۆژی هەینی ١٩ی ئاوریل دوای پێشڕەویی دژبەران لە ناوچەکانی هەرێمی دەرعا، لەشکەری دوازدەهەمی زرێپۆشی هێزەکانی ئەسەد بە تەواوی کەوتە گەمارۆی سوپای ئازادی سووریەوە.

بە پێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی دژبەران، سوپای ئازادی سووریە، لە عەمەلیاتێکی بەربڵاو لە نزیك ناوچەی «بصر الحریر»دا دەستیان بە سەر دوو گوردانی گواستنەوە و کەرەستە سەربازییەکانی هێزەکای ئەسەددا گرتووە.

## گەڵاڵەی سەنای ئامریکا بۆ پشتیوانی لە ئیسراییل لە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران

بەشێك لە نوێنەرانی دێموکرات و کۆماریخوازی سەنای ئامریکا، گەڵاڵەیەکیان ئامادە کردووە کە لە ئەگەری هێرشی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، دەوڵەتی ئامریکا ناچار دەکات کە لە ڕووی ئابووری و سەربازی و سیاسییەوە هاوکاریی ئیسراییل بکا.

بە پێی ڕاپۆرتی «ئورشەلیم پۆست»، ٧٩ کەس لە نوێنەرانی سەنای ئامریکا، بە داڕشتنی گەڵاڵەیەك، لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ئامریکا ناچار بە پشتیوانیی هەمەلایەنە لە ئیسراییل دەکا.

بە سەرەنجدان بەو گەڵاڵە پێشکەشکراوەی کە لە لایەن کومیتەی پێوەندیەکانی دەرەوەی سەنای ئامریکا بەم مەجلیسەی پێشکەش کردووە، ئەگەر ئیسرائیل ناچار بێ بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاك و بەرگری لە خەڵك و مانەوەی خۆی، هێرشی سەربازیی بکاتە سەر ئێران، ئەرکی ئامریکایە کە لە بواری سیاسی، ئابووری و سەربازییەوە پشتیوانی لەم وڵاتە بکا.

ئەم گەڵاڵەیە هەروەها جەخت دەکاتەوە کە دەوڵەتی ئامریکا دەبێ بۆ پێشگیری لە دەست پێڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە چەکی ناوکی بەڵێن بدات.

«مووشە یەعلون» وەزیری بەرگریی نوێی ئیسراییل، ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، لە ساڵرۆژی پێکهاتنی دەوڵەتی ئیسرائیلدا وتی: بەرنامەی ناوکی ڕێژیمی ئێران مەترسییە بۆ هەموو جیهان.

بە وتەی ئەو، کۆمەڵگای جیهانی دەبێ بە دژی ڕێژیمی ئێران یەکگرتوو بن و لە هەر هەلومەرجێکدا لە درووستکردنی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە پێشگیری بکەن.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### بەها نەتەوەییەکان ڕەمزی مانەوەن

زیندانی کردنی تاوانباران لە ئاسایی ترین حاڵەتی خۆیدا لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، وەکوو سزایەك بۆ تاوانباران دیاریکراوە بۆ ئەوەی بە جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی کەسی تاوانبار لە خەڵکی ئاسایی و بە مەبەستی چاوەدێری کردن بەسەریدا و ڕەخساندنی دۆخی پەروەردە بۆی، هەوڵ بۆ تەکوزمەند کردن و دوورخستنەوەی تاوانبار لە تاوان بدرێت و لە ئاکامدا مەبەست وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندرووست و دادپەروەرانەیە. لێرەدا باس لە ڕادەی تاوانباربوونی تاوانبار ناکەین، چونکە سزاکانیش بۆ تاوانە جیاوازەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا وەك یەك نین. بەڵام ئەم یاسامەندییە لە وڵاتانێك وەڵامدەرە کە ڕێز لە مافی شارۆمەندانی خۆیان دەگرن بە تاوانبارانیشەوە.

ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بۆتە گەرمەباسی سەر میدیاکان، گەڕاندنی تاوانبارێك بوو لە سەر شەقام و لە ئاستی شاری مەریواندا بە جل و بەرگی ژنانەی سوورەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەم کردارە نامرۆڤانەیە هەوڵی ڕیسواکردنی تاوانبارێکی داوە. وەك لە سەرەتاشدا باسمکرد، ئەو کردوەیە لە یەکەم دەرکەوتی خۆیدا بێڕێزی کردنە بە مافی زیندانییەك هەچەند تاوانباریش بووبێت کە لێرەدا ئەو لایەنەی مەبەستی ئێمە نییە، دووهەم بێڕێزییەکی تەواوە بە کولتووری کورد، جل و بەرگی کوردی و بە هەموو ژنانی کوردستان. کولتوور بریتییە لە کۆمەڵێك بەها کە تایبەتە بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵێك بەها کە ڕێزی لێ دەگرن و پەیڕەوی دەکەن، کۆمەڵێك بوون و نەبوون لە کردار و هەڵسوکەوتدا.

جل وبەرگی کوردی هەردەم بۆ نەتەوەی کورد یەکێك بووە لەو بەهایانەی کە بۆتە بەشێك لە مانەوەی و یەکێك لە کۆڵەکەکانی شوناسی نەتەوەیی بووە. ژنانی کورد بە لەبەرکردنی جل و بەرگی کوردی و پاراستنی زمانی کوردی و... هتد، هاوکات لەگەڵ بەشدار بوون لە ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتیشدا، هەمیشە ڕۆڵێکی کارا و کاریگەرییان لە پاراستنی کولتووری کوردەواریدا هەبووە. هەربۆیەش پێگەی ژنی کورد و جل و بەرگی کوردی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لە کۆنەوە تا ئێستا پێگەیەکی بەرز و جێگەی ڕێز و ستایش بووە.

ئەمە نە یەکەم جارە و نە دواهەمین جاریش دەبێت کە ڕێژیمی بێزراوی کۆماری ئیسلامی هەوڵی سووکایەتی کردن بە بەها نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەدات. وەك بینیشمان خەڵکی نیشتمان پەروەری مەریوان و بە تایبەتی ژنانی ئازا و چاونەترسی ئەو شارە بەرەڕووی ئەو سووکایەتییە بوونەوە و بە هەرشێوەیەك کە بۆیان لوا دژکردەوەیان نیشان دا و پشتگیریی هەمەلایەنەی گەلی کوردیش لەو ناڕەزایەتی دەربڕینە، دەرخەری یەکگرتوویی و بەها پارێزیی نەتەوەی کوردە. جارێکی دیکەش گەلی کورد سەلماندی کە لە پێناو پاراستنی بەها نەتەوەییەکانیدا لە هیچ هەڕەشەیەك ناپرینگێتەوە.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات
# بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



بۆ ئاگاداری ڕادەگەیەنین کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، چوارەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی پێکهێنا و پاش چوار ڕۆژ کاری بەردەوام کۆتایی پێهات.

پلینۆم کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٥ی ئاوریلی ٢٠١٣ی زایینی بە ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

پاشان لە چوارچێوەی دەستووری کاری پلینۆمدا کە پێشتر بە ئاگاداری ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب گەیشتبوو، بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب مستەفا هیجری، ڕاپۆرتێکی سیاسی کە زیاتر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو هەلومەرجی ئێران و کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستانی لەخۆ گرتبوو پێشکەشی بەشدارانی پلینۆم کرد.

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە دۆخی سووریە و درێژەی شەڕ و کوشتار لەو وڵاتەدا کرابوو کە دەیان هەزار قوربانی و وێرانییەکی زۆری لێکەوتوەتەوەو بە میلیون کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوون. ڕاپۆرت، هۆی ئەم وەزعە و درێژەکێشانەکەی گەڕاندبۆوە بۆ پشتیوانی و یارمەتیدان هەمەلایەنەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕوسیە و چەند وڵات و لایەنی دیکە لە ڕێژیمی بەشار ئەسەدو ئەوەش لە حاڵێکدایە کە پشتیوانییەکان لە خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیوی سووریە و بەرهەڵستکارانی ئەو وڵاتە زیاتر لە یارمەتیی مرۆڤیدا بەرتەسك بۆتەوە و بە هۆی دروستبوونی گومان لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە سەبارەت بە بەرهەڵستکاران بەتایبەت بوونی گرووپی ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان ئەو پشتیوانیە لە ڕادەی چاوەڕوانیی ناڕازییانی ئەو وڵاتەدا نییە هەر بۆیە وێدەچی ئەم دۆخە لەم وڵاتە لەوەش زیاتر درێژە بکێشێ.

ڕاپۆرتەکە وێڕای باس لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و ئاڵوزییەکانی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمەڵگای جیهانی لە درێژەی دۆخی خەراپ و شپرزەی ئابووری دوا بوو کە چوونەسەرێ ڕادەی ئاوسانی دراو هەتا ٣٠ ٪ و بێکاریی زیاتر و تێکچوونی ژیانی خەڵکی بەدواوە بووە و بە لەبەرچاوگرتنی بێئاکامبوونی دوایین دانیشتنی گرووپی ١+٥ لە قەزاقستان و هەڕەشەی گەمارۆی زیاتری ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا بۆ سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشبینی دەکرێ ئەو دۆخە لەوەش کە هەیە نالەبارتر دەبێ. لە وەها وەزعێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە پێشووش مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێشێل دەکا و گوشارەکانی بۆ سەر خەڵکی وڵات زیاتر کردووە و ئەمەش وێڕای لەبەرچاوگرتنی چوونەسەرێ ڕێژەی ئێعدامەکان لە ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتێری تایبەتیی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئێران کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ئاماژەی پێدابوون بە ڕوونی دەردەکەوێ.

هەروەها ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بەوە کرد بوو کە بە نزیکبوونەوەی کاتی بەناو هەڵبژاردەنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران و هەڵوێست و بۆچوونی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و ئەگەری ڕێگرتن لە کاندیداتۆری هێندێك کەس و لایەن یا لەحاڵەتی کاندیدابوونیاندا ڕەدی سەلاحییەت کردنیان، بۆتە کێشەیەك لە نێو کەس و لایەنەکانی نێو دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بێ‌کەڵك و بێ‌ئاکامبوونی هەر بە ناو هەڵبژاردنێك لە ئێراندا بۆ خەڵکی وڵاتەکەمان دەرکەوتووە و ئەو ڕێژیمە هەرگیز ڕێگای نەداوە کە هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێ و گرینگی بە ئیرادەی خەڵك بدرێ. بەو حاڵەش ڕێژیم هەوڵ دەدا بە پیلان و زۆرەملێ خەڵکێکی زیاتر بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕاکێش بکاو وا نیشان بدات بە بەرچاوی بیروڕای گشتیی دەرەوە کە سەرەڕای هەموو ئەو وەزعەش کە خەڵکی ئێران لێی بێزارن و نەمانی بە ئاوات دەخوازن، پشتیوانی لەم دەسەڵاتە دەکەن، ئەوەش پیلانێکە کە پێویستە خەڵکی ئێران بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵ بدەن و نیشان بدەن کە ڕێژیم چۆن لە ئاستی جیهانیدا تەریك کەوتوەتەوە و لە نێوخۆی ئێرانیشدا لەوە زیاتر تەریکە و خەڵك بە تەواوی لێی بێزارن و هەموو لایەکیش لە شانۆسازییەکانی بە ناو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا شارەزان.

ڕاپۆرتەکە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە وردی و بە تێروتەسلی دووا بوو، لەو پێوەندییە و لە ئاماژە بە وەزعی کورد لە سووریە تیشك خرابووە سەر هەڵوێستی کورد لەو وڵاتە کە ئێستا لە لایەن هێزە سەرکووتکەرەکانی بەشار ئەسەدەوە کەوتوونەتە بەر هێرش و لایەنی ئوپۆزیسیۆنیش یەکگرتوویی پێویستی لەگەڵ کورد لەم وڵاتە پێك نەهێناوە بۆ ئەوەی کورد لە سووریە و لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا پتر شوێندانەر بێ و بە بەشێك لە مافە ڕەواکانی بگا پێویستە هێزە سیاسییەکان یەکگرتووتر بن و بەرنامە و داخوازیی ڕوون و هاوبەشیان هەبێ کە هیواداریـن ئەم ڕەوتە بپێوێ و سەرئەنجام لە سووریەی دوای بەشار ئەسەددا نەهامەتییەکانی لێ دوور کەوێتەوە.

ڕاپۆرتەکە ئاوڕی لە دۆخی هەرێمی کوردستان و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی لە عێراق دابۆوە کە کۆمەڵێك گیر و گرفت ئەو پێوەندییانەی بەرەو لاوازی بردووە و لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لەو وڵاتە بەدابەشبوون بە سەر شیعە و سوونەدا زەقتر و زۆربەش لەو بڕوایەدان کە حکوومەتی ناوەندیی ئێستای عێراق هەوڵی تەکرەوی و پشتگوێخستنی یاسا و ڕێککەوتنەکانی پێشوو دەدا کە ئەوەش ناتوانێ لە بەرژەوەندیی عێراق بەگشتیدا بێ. پلینۆم هیوای خواست کە ئەم گیر وگرفتانە بە هەستکردن بە واقعییەتەکان لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بە ڕێگای لۆژیکی و پابەندبوون بە یاسا چارەسەر بکرێن.

لە ڕاپۆرتەکەدا دۆخی کورد لە کوردستانی ئێران و درێژەی ئەو سەرکووت و ئێعدام و زیندانی کردنانەی کە ڕێژیم دەرحەق بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران دەیکا، هەروەها باری ناڵەباری ژیان و گوزەرانی خەڵك و بێکاری لە ڕادەبەدەر، لەوەش بەولاتر ئەمنییەتی کردنی زیاتری کۆمەڵگا و پەرەپێدانی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بە وردی ئاماژەی پێدرابوو، لە هەمانکاتدا خۆراگریی خەڵك و سووربوونی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەر مافە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی بە چاوی ڕێزەوە سەیر کرد بوو.

ڕاپۆرتەکە هەر لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ئێراندا سیاسەت و هەڵویستەکان و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە نێوان دوو پلینۆمدا خستبووە بەرچاو و ئاماژەی بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کردبوو و پێوەندییەکانی حیزبی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئوپۆزیسیونی ئێرانی و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی ئێرانی بە باشی هەڵسەنگاندبوو کە بە خۆشییەوە ڕەوتی بەرەوپێشچوون دەپێوێ.

ڕاپۆرتە سیاسەیەکە لە پێوەندی لەگەڵ تورکیە و کوردستانی تورکیەدا وێڕای باس و کۆمەڵێك بابەت، بە گرینگییەوە سەیری ڕەوتی ئاشتی لەم وڵاتە و وتووێژەکانی نێوان کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلانی کرد بوو. لەو پێوەندییەدا پلینۆم ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەی تورکیە و کوردستانی تورکیە بە وردی خستەبەرباس و هاتنە ئارای ڕەوتی چارەسەری ئاشتیخوازانەی نێوان کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیە و بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەڵسەنگاند. لە هەمان کاتدا لەبەر ڕووناکایی ئەم پەیامە و لێدوانانەدا کە هەتا ئێستا لەلایەن کاربەدەستانی تورکیە و بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان بڵاو کراونەتەوە داوایەکی ڕوون و دیاریکراو لە پێوەندی لەگەڵ کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی لەو وڵاتەدا نەهاتۆتە ئاراوە، بۆیە بە نیگەرانییەوە سەیری ئاکامی ئەم پرۆسەیە دەکرێ. بەو حاڵەش بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی دیاریکردنی چارەنووسی خوشك و براکانمان لەو بەشە لە کوردستان پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە و ڕێز بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستاندا دادەنێن. لە هەمانکاتدا ئاوتەخوازین درێژەی ئەو ڕەوتە بەخێر و خۆشی و دابینبوونی هەرچی زیاتری مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە تورکیە بە ئاکام بگا.

بەشدارانی پلینۆم چالاکانە لەسەر هەر کام لە باسەکانی ڕاپۆرت ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی و بەمجۆرە هەم ڕاپۆرتکەیان پەسند و هەم دەوڵەمەندتر کرد. پلینۆم لە بڕگەیەکی دیکەی کارەکانیدا ئاییننامەی چەند ئورگانی حیزبیی تاوتوێ کرد و بەشدارانی پلینۆم پاش دەربڕینی تێبینییەکانیان پەسندییان کردن.

بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم تەرخان کرابووە بۆ باس لەسەر کار و چالاکی و بەرنامەی کاریی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. پاش تاوتوێکردن، پلینۆم پشتیوانی خۆی بۆ ئەم ڕێکخراوانە دووپات کردەوە و ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنی زیاتریان دەربڕیوە.

لە دوا بڕگەی کاری پلینۆمدا کۆمەڵێك باس و بەرنامە بۆ داهاتووی حیزب خرا بەر دیدی بەشداران و بڕیاری پێویستیان لەسەر درا.

پلینۆم پاش چوار ڕۆژ کاری بەردەوام کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلێوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی
١٩ی ئاوریلی ٢٠١٣ی زایینی

## دکتور مەحمود عوسمان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوە دکتور مەحموود عوسمان، کەسایەتیی سیاسی و پارلمانتاری کورد لە عێراق، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا د.مەحموود عوسمان لەسەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە و گیروگرفتە چارەسەرنەکراوەکان قسەی کرد و دواتر سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی گشتیی لەسەر دۆخی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش کرد.

لەو چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەیەدا هەر دوو لا لەو باوەڕەدا بوون کە پرسی کورد بەپێی ئەو گەشەکردن و بەرەوپێشچوونەی کە بە خۆیەوە دەبینێت، لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیش بەرەوڕوو دەبێ و پێویستە کورد زیاتر لە پێشوو لەسەر هەست بێ و بە وردبینییەوە هەنگاوی شیاو لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی هەڵێنێتەوە.

## کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە لەندەن بەڕێوە چوو



کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لەشاری لەندەن بە بەشداری ١٢ حیزب و ڕێکخراوەی سەر بە نەتەوەکانی ئێران بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە کە ڕۆژانی هەینی و شەممە ڕێکەوتی ٢٣ و ٢٤ی خاکەلێوە بەڕێوە چوو، ڕاپۆرتی ڕێکخەری کۆنگرە پێشکەش کرا و خرایە بەر باس. پاشان نوێنەری کۆمیتەی وڵاتەکان، کۆمیتەی پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، کۆمیتەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، کۆمیتەی ماڵی و کۆمیتەی ئینتشارات ڕاپۆرتی کار و چالاکیەکانی خۆیان پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرە کرد.

لە درێژەی دانیشتنەکاندا، پاش باس لەسەر ڕەوشی نەتەوەکانی ئێران و گۆڕانکاری لەناوچە، ئەساسنامەی کۆنگرە خرایە بەرباس و هەیئەتی بەڕێوەبەریی نوێ بۆ دوو ساڵی داهاتوو هەڵبژێردران و هەروەها هەندێ بڕیار لەسەر سیاسەت و کار بۆ دووساڵی داهاتووی کۆنگرە دران.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ماموٚستا حەسەن شیوەسەڵی تێکۆشەری رێگای ئازادی، لە وڵاتی سوید رێزی لێگیرا

شاندێکی کۆمیتەی ئۆریبرۆی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوید سەردانی ماموٚستا حەسەن شیوەسەڵیان کرد و رێزیان لە خەبات و تێکۆشانی گرت.
شاندێکی کۆمیتەی ئۆریبرۆ لە سەردانێکدا رێزیان لە خەبات و رابردووی ماموٚستا شیوەسەڵی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرت.
ماموٚستا شیوەسەڵی ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خۆشحاڵی خۆی لەو سەردانە دەربڕی و باسێکی کورتی لەسەر دۆخی کورد و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین پێشکەش بە ئەندامانی شاندەکە کرد.

## ٢ کۆڵبەری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بە دەستڕێژی هێزەکانی رێژیم کوژران

دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی شارەکانی ماکۆ و بانە لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بە تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانیان لەدەست دا.
سەجاد چووپانی تەمەن سی ساڵ و خەڵکی شاری ماکۆ لە کوێستانەکانی نێوان ماکۆ و بازرگان لەلایەن هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە کوژرا. تەرمی سەجاد چووپانی لە کوێستانەکانی ماکۆ لەلایەن هاووڵاتیانەوە دۆزراوەتەوە.
لەلایەکی دیکەوە کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی محەممەد کەریمیپوور تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی ناوچەی بانە کەوتۆتە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و گیانی لێ ئەستێنراوە.
محەممەد لەکاتی تێپەڕینی بە ناوچەی ئەحمەدئاوادا تەقەی لێکراوە و بە وتەی کەسانی ئاگادار، ئەو کۆڵبەرە کوردە هیچ کەلوپەلێکی پێ نەبووە.

## خۆپیشاندانی هێمنانەی ژنان لە مەریوان بەدژی بڕیاری دادگا مەریوان



رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە کۆمەڵێك لە ژنانی شاری مەریوان بەلەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی رژانە سەر شەقامەکان و بە هەڵگرتنی نووسراوە و پلاکارد بەرگرییان لە مافەکانیان کرد و هەروەها بڕیاری دادگای رێژیم سەبارەت بە بێ رێزیکردن بە جێگە و پێگەی ژنیان مەحکووم کرد.
ئەو خۆپیشاندانە لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە بەرەوڕووی توندوتیژی بووەوە و بەمەبەستی سەرکوتی خۆپیشاندەران بە کەرەسەی دژە شۆڕش هێرشیان کردۆتە سەر ژنان و لێیان داون.
ئەو نارەزایەتیانە لەحاڵێکدایە کە رێکەوتی ٢٦ خاکەلێوە هاووڵاتییەك بەناوی «تۆفیق خۆشنەواز (داباشی)» تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی شاری مەریوان لەلایەن هێزە ئینتزامییەکان و لەسەر بڕیاری دادگای رێژیم لە شاری مەریوان جلوبەرگی ژنانەی سووری لەبەر کرابوو و لە شوێنە گشتییەکانی ئەو شارەدا پێشانی خەڵکیان دابوو.

## ژنێک لە شاری بۆکان بووە قوربانیی دەستی دیاردەی کیف دزین

رێکەوتی ١٠ی خاکەلێوە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ، زوهرە شێرزاد تەمەن ٥٠ ساڵ، لەکاتی هاتنەدەر لە ماڵی خزمێکیان لە شاری بۆکان لەلایەن موتورسوارێکەوە، کە ویستۆیەتی کیفەکە لە دەستی دەربێنی، لەلایەن ئەو ژنە تەمەن ٥٠ ساڵەوە خۆڕاگری کراوە و لە ئاکامی راکێشانی لەلایەن ئەو موتورسوارەوە وەعەرز کەوتووە و زەربەی مێشکی پێ گەیشتووە.
بۆ ماوی ٨ رۆژ خاتوو زوهرە شێرزاد لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد لە «کۆما»دا بوو و پاشان خاتوو زوهرە رێکەوتی ١٨ی خاکەلێوە لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد گیانی لەدەست دا.

## شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات ـ سوید لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سویددا بەشداریی کرد



شاندێکی حیزبی دێموکرات لە سەر بانگهێشتی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید لە ٣٧ هەمین کۆنگرەی ئەو حیزبەدا بەشداری کرد.
ئەو کۆنگرەیە بە بەشداریی شاندی حیزب کە پێکهاتبوون لە پەروانە حەیدەری، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە سوید و ساڵح شەرەفی، لە ژێر ناوی «سوسیال دێموکراتەکان پارتی ئایندە»دا دەستی بەکارەکانی کرد.
باسە سەرەکییەکانی کۆنگرە بریتی بوون لە گرینگیی گەڕانەوەی حیزبە سوسیالست و سوسیال دێموکراتەکان بۆ دەسەڵات، کەمکردنەوەی بێکاری و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا بوو.
هەر لەو پێوەندییەدا، سیمینارێکیش لە پێوەندیی لەگەڵ سیاسەتی پێشکەوتووی دەرەوە و ئەزموونی لاوان لە داهاتوودا پێکهات و نوێنەرانی حیزبی دێموکراتیش تێیدا بەشدار بوون.

## سلێمان چیرە، شاعیر، رۆژنامەوان و نووسەری مەهابادی کۆچی دوایی کرد

ماموٚستا سلێمان چیرە (هێرش) شاعیر، نووسەر و رۆژنامەوانی کورد، دوای ماوەیەك بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی، لە نەخۆشخانەی «کارۆلینسکا»ی ستۆکهۆڵم ـ سوید لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مۆستا سلێمان سەرنووسەری گۆڤاری گزینگ و کەسایەتیی ئەدەبی و فەرهەنگدۆستی کورد بوو، ئەو کەسایەتییە کوردە ئێوارەیی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
سلێمان چیرە لەگوندی «هەمزاوا»ی شاری مەهاباد لە دایك ببوو و ماوەی چەند ساڵیش لە قوتابخانەکانی شاری مەریوان ماموٚستا بووە.
ئەو خامە بەدەست و شاعیرە بەرپرسی ماڵپەڕی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی «گزینگ» بوو.

## ئیدارەی ئیرشادی شاری شەهاباد پێشی بە بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی یادکردنەوەی ماموٚستا هێمن گرت

لێپرسراوانی ئیدارەی «فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی» رێژیمی ئێران لەشاری شەهابادی سەر بە «پارێزگای کرماشان» ئیزنی بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی یادکردنەوەی ماموٚستا هێمن شاعیری نەتەوەیی کوردیان نەدا.
بڕیار بوو رێوڕەسمی ٢٧مین ساڵیادی کۆچی دوایی ماموٚستا هێمن رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە لە شاری شەهاباد بەڕێوە بچێت.
هەر لەو پێوەندییەدا ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردۆتەوە کە کۆمەڵێك لە چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبی شاری شەهاباد بڕیار بوو ئەو رێوڕەسمە بەڕێوە ببەن.
لەو رێوڕەسمەدا ژمارەیەك کەسایەتیی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەری لە پارێزگای کرماشان ئامادەییان بۆ بەشداریی لەو رێوڕەسمەدا دەربڕیبوو.
سەید محەممەدئەمین شێخولئیسلامیی (ماموٚستا هێمن) لە ئاوایی «شیلاناوی»ی سەر بە شاری مەهاباد لەدایك بووە و ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە.
تاریك و روون، توحفەی موزەفەرییە، شازادە و گەدا، قەڵای دمدم، هەواری خاڵی، چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، ئەفسانەکوردییەکان و ناڵەی جودایی بەشێکن لە بەرهەمەکانی ماموٚستا هێمن.

## کۆچی دوایی دایک و باوکی چەند شەهیدی رێگای رزگاری لە ناوچەکانی کوردستان

**پیرانشار:**
زارا دەرەوی دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
دایە زارا خەڵکی گوندی کاسەکەرانی سەربە ناوچەی پیرانی پیرانشار بوو و کوڕێکیشی بە ناوی ئەبووبەکر دەرەوی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردبوو و شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

**شنۆ:**
«ئیبراهیم رەسووڵی» کوڕی حاجی فەتاح و باوکی شەهید «قادر رەسووڵی» خەڵکی گوندی مەلا عیسای ناوچەی دەشتەبێڵ و دانیشتووی شاری شنۆ بە هۆی پیری کۆچی دوای کرد.
کاك ئیبراهیم کەسایەتیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا جێگای باوەڕ و متمانە بوو و هەروەها چەند خزم و کەسوکاری لە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا بوون کە هەردەم شانازی پێوە دەکردن.
شەهید «قادر رەسووڵی» لە پلەی سەرپەلیدا بوو و لە شەڕێکی قارەمانانەدا بریندار بوو و بە برینداری کەوتە دەستی دۆژمن و دواتر ئێعدام کرا.

**نۆدشە:**
رەعنا شەفیعی دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری نۆدشە کۆچی دوایی کرد. دایە رەعنا دایکی تاهیر مەنووچێهری شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.
ئەو دایکی شەهیدە رێکەوتی ١٦ی خاکەلێوە بە هۆی نەخۆشی و لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
شەهید تاهیر هاوڕێ لەگەڵ چوار پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەربەندیخان لە هەرێمی کوردستان بە هۆی دانانی مین لەسەر رێگای هاتوچۆیان، لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی رێژیمی ئێرانەوە شەهید کران.

**مەهاباد:**
دایکی مستەفا و ئیسماعیل زەهابی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەشاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. فاتمە حەسەنزادە خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی نەخۆشی دڵەوە ماڵاوایی لەژیان کرد.
دایە فاتمە ژنێکی بەورە بوو و خۆی بە رێبواری رێگای کوڕە شەهیدەکانی دەزانی و هەر ئەوەش وای لێکردبوو کە لەنێو خەڵکدا خۆشەویست بێت. تەرمی دایە فاتمە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکیدا لە گۆڕستانی شاری مەهاباد بەخاك سپێردرا.

**مەریوان:**
رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی «جەعفەر هوشیار» باوکی شەهید «ناسر هوشیار» لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. جەعفەر هوشیار کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی ناوچەی مەریوان بووە.

**ورمێ:**
رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی «خدر فەرشادی» باوکی شەهید «شەهاب فەرشادی» خەڵکی گوندی فلکانی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بە هۆی نەخۆشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**سەر پێڵی زەهاو:**
رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ی هەتاوی ئەحمەد ئاسیاپوور خەڵکی ئاوایی «تایشەیی» سەر بە سەرپێڵی زەهاو لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
کاك ئەحمەد دانیشتووی کەمپی کاوە لە هەرێمی کوردستان بوو و وەك ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات ئەرکەکانی بەڕێوە دەبرد و خۆی بە خەمخۆری جووڵانەوەی کورد دەزانی.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دایە زارا و کاك ئیراهیم و دایە رەعنا و دایە فاتمە و کاك جەعفەر و کاك خدر و کاك ئەحمەد دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# وتووێژ لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لەمەڕ دامەزراندنی کومیتەی کوردان لە si

**لە ڕێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ (١٢ی ئاوریلی ٢٠١٣)، بەپێی بڕیاری دوا کۆنگرەی سوسیالیست ـ ئینترناسیونالیست (si)، بە ئامادەبوونی ٢٤ حیزب و ڕێکخراوی چوار پارچەی کوردستان، کۆنفرانسێك بە مەبەستی دامەزراندنی کومیتەی کوردی لەو ڕێکخراوەدا لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.**

**هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرشتی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز حەسەن شەرەفی، لەو کۆنفرانسەدا بەشداریی کرد.**

**شایانی باسە کە ئەو کۆنفرانسە بە ئامادەبوونی بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری (si) دەستی پێکرد. هەر لەم کۆنفرانسەدا یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەك بەرپرس و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی ئاشتی و دێموکراسی (B.D.P) وەك هاوجێگری سەرۆکی ئەو کومیتەیە دیاری کران.**

**لەم پێوەندییەدا ڕۆژنامەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی ئەنجام داوە کە دەقی وتووێژەکە پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێز دەکرێت.**

**١ـ تکایە بەکورتی باسێك لەسەر چۆنییەتیی بەستنی ئەو کۆبوونەوەی si لە سلێمانی بکەن؟**

**حەسەن شەرەفی:** هاوکاری و پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەنترناسیۆنال سوسیالیست وەك ڕێکخراوێکی گرینگی نێونەتەوەیی بۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوە کە شەهید دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب گرینگییەکی تایبەتیی بەم پێوەندییە دەدا و سەرئەنجام زیاتر لە ١٥ ساڵ پێش ئێستا وەك ئەندامی راوێژکاری ئەو ڕێکخراوە وەرگیرا و دواتر پلەی لە راوێژکارەوە بۆ چاوەدێر بەرز بۆوە. لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی زۆری داوە تا ئەنترناسیۆنال سوسیالیست لەگەڵ کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی ئاشنا بکا و لە هەمان کاتدا کاری دەکرد بۆ ئەوەی هێز و لایەنی سیاسیی دیکەی کوردیش لەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەدا وەك ئەندام وەربگیرێن کە بە خۆشییەوە دواتر یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و B.D.Pش لەو ڕێکخراوەدا وەرگیران بەتایبەت کە بەڕێز مام جەلالیش بوو بە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆکی ئینترناسیونال سوسیالیست و ئەوەش بەهێزبوونی کوردی لەو ڕێکخراوەدا بەدواداهات هەر لە ڕەوتی چالاکی نواندن بۆ دۆزی کورد لە ئەنترناسیونال سوسیالیستدا کار کرا بۆ ئەوەی گرووپێکی کاری کوردان بە بەشداریی چەند حیزب و لایەنی ئورووپایی لە si پێك بێت کە جێی گرت و ئەو گرووپە پێك هات.

هەرچەند ئەم گرووپە باشی دەست بەکار کرد بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا تێکۆشانی کەمڕەنگ بۆوە، بۆیە بۆ بوژاندنەوەی ئەم گرووپە و بەرزکردنەوەی لە گرووپەوە بۆ کومیتە کەوتە بەرباس و کاربۆکردن کە بە خۆشییەوە لە لایەن siیەوە موافقتی لەگەڵ کرا و لەم دانیشتنەی سلێمانیدا ئەو کومیتەیە دامەزرا. یەکیەتیی نیشتمانی وەك سەرۆکی کومیتە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و B.D.P وەك هاوجێگری سەرۆك هەڵبژێردران.

**٢ـ گرینگیی گرتنی ئەم کۆبوونەوە لە کوردستان لە چیدایە؟**

**حەسەن شەرەفی:** ئەو کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی لویس ئایالا سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست و هەیئەتی دەفتەری پاپاندرۆ سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە و ٢٤ حیزب و لایەنی سیاسیی کورد ڕۆژی ٢٣ی خاکەلێوە لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. گرینگیی بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە لە کوردستان، یەکەم نیشانەی گرینگیدانە بە مەسەلەی کورد و پێکهاتنی کومیتەی کوردی لە لایەن ئەنترناسیۆنال سوسیالیست و دووهەم، دەرەتانی بۆ زۆربەی هەرە زۆری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە چوار پارچەی کوردستان ڕەخساند کە تێیدا بەشدار بن و راوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن و بە ئامادەبوونی ئەوان کومیتەی کوردان لە ئەنترناسیۆنال سوسیالیست پێك بێ.

**٣ـ تا چ رادەیەك حیزبە کوردستانییەکان لە سەر بەڕێوەچوونی ئەم کۆبوونەوەیە کاریگەرییان هەبووە؟**

**حەسەن شەرەفی:** هەموو ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا لە شاری سلێمانی بەشدار بوون، دەوری ئەرێنیان هەبوو و هەموویان لێکدانەوەی خۆیان لەسەر دۆخی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و راوبۆچوونی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ کار و ئەرکەکانی کومیتەی کوردی لە ئەنترناسیۆنال سوسیالیست دەربڕی و ڕێنوێنی و پێشنیاری بەکەڵکیان هێنا ئاراوە و نەخشی ئەرێنی خۆیان هەبوو.

**٤ـ ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەدا و بەدەستهێنانی جێگری لە کومیتەی کوردان لە «si»دا چ گرینگییەکی هەیە؟**

**حەسەن شەرەفی:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو رابردووە دوورودرێژەی کە لەگەڵ ئەنترناسیۆنال سوسیالیست هەیەتی و لەو بارەوە تاقیکاریی زۆری هەیە، ئاساییە کە لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا شوێندانەریی خۆی هەبێ و هەر ئەو مەوقعییە دەیخواست کە ئەم حیزبە وەك هاوجێگری سەرۆکی کومیتەکە هەڵبژێردرێ، دیارە ئێمە پێداگر بووین لەسەر ئەوە کە کومیتەکە چالاکتر و بەردەوامتر لە ئەنترناسیۆنال سوسیالیستدا کار بۆ دۆزی کورد لە چوار پارچەی کوردستان بکا و گرینگیی تەواو بدا بە وەزعی کورد و هەلومەرجی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لەو بارەوە بە هەڵبژاردنمان هەست بە ئەرکێکی گرینگ دەکەین کە لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورد لە چوار پارچەی کوردستان لە نێو کومیتەکەدا تێبکۆشین. هیوادارم ئەو کومیتەیە لە ئاست چاوەڕوانیی بەشدارانی کۆبوونەوەکەی سلێمانی و لە خزمەت دۆزی کورد بە گشتی بێ.




# گرینگیی حوکمی دادگای میکۆنووس

■ لوقمان مێهفەر

دادگای میکۆنووس کە لە دۆسیەی تیرۆری دوکتۆر محەمەد سادق شەرەفکەندی (سەعید) و هاوڕێیانی دەکۆڵییەوە، ڕۆژی٢٨ی مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٣ دەستی بە کارکرد و لە ڕۆژی١٠/٤/١٩٩٧دا حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند. ئەو ماوەیە بۆ پێڕاگەیشتن و بڕیاردان لەسەر پەروەندەیەك، لە دادگادا بە پێی ڕێسا و یاساکان کاتێکی زۆرە، بەڵام درێژبوونەوەی کاری دادگای میکۆنووس و گرینگیی حوکمەکە لە چەند ڕەهەندەوە جێی تێڕامان و سەرنجە و لە روانگەی سیاسی، یاسایی و دادوەرییەوە بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو بەربەستانەی کە لە بەردەم دادگادا ڕێگر بوون پێویستە هێمایان بۆ بکرێ. یەکەم دەوڵەتی ئاڵمان یا هێندێك لە کار بەدەستانی ئەم وڵاتە گوشاریان دەخستە سەر دەسەڵاتی قەزایی کە بە جۆرێك دادگاکە درێژە بکێشی تاکوو دۆسییەکە کەم ڕەنگ بکرێتەوە و لە بیر بچێتەوە، بە جۆرێك کە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ئاڵمان لە باری ئابووری و دیپلۆماسییەوە نەکەوێتە مەترسییەوە. دووهەم، بۆ ئەوی دادگا بتوانێ بە دروستی ڕەوتی خۆی بپێوێ، دەبوا لە پێشدا بەربەستە یاساییەکانی چارەسەر کرابا، ئەوکەسانەی دەبوا لێکۆڵینەوەیان لێ کرابا تۆمەتبار، شاهید و سکاڵاکار هەموویان لە بەردەم دادگا ئامادەبن، ئەویش ڕەزامەندیی چوار وڵاتی پێویست بوو، لەو نێوشدا دوو وڵات ئێران و لوبنان خۆیان تاوانبار بوون. ئەویش گرفتێکی گەورە بوو لە بەردەم دادگای میکۆنووسدا، چونکە قوربانییەکان خەڵکی یەك وڵات و تیرۆریستەکانیش لانیکەم خەڵکی دوو وڵات(ئێران و لوبنان) و شاهیدەکانیش خەڵکی (ئاڵمان، ئێران، لوبنان و تورکیە) بوون، هەروەها ڕووداوەکەش لە وڵاتی ئاڵمان ڕوویدابوو. سێهەم، لە سیستمی یاسایی ئاڵماندا ئەسڵی بەری بوون زۆر جێگای ڕێزە، ئەسڵێکی جێگرتوویە و دادگا دەبێ تاوانباربوونی کەسەکان بسەلمێنێ، بۆیە هەموو ئەو لێپرسین و لێکۆڵینەوەی کە لە قۆناغی پێش دادگاییدا لە لایەن پۆلیس و بەشی لێکۆڵینەوەوە کراون، کاتێك بایەخی یاسایی پەیدا دەکەن کە لە دادگادا ڕاست و درووست بوونەکەیان پشتڕاست بکرێتەوە، بۆ ئەوەش دادگا ناچارە سەر لە نوێ لێکۆڵینەوە دەست پێ بکاتەوە، لێرەدا دادگای ئاڵمان زۆر بە وردی و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی توانی ڕەوتی خۆی ببڕێ، چونکە هەتا دەرچوونی ئەو حوکمە کۆماری ئیسلامی بە دەیان کردەوەی تیرۆریستی دژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دابوو، هەموو جارێکیش بەشێوەیەکی ئاسان و بە بێتێچوویی زۆر دەرباز دەبوو و شوێنە ونکەی بە پرسەکە کردووە، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی بڕواپێکراو و بێ‌لایەنی وەك دادگای ئاڵمان دەکەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و وەك تاوانباری سەرەکی دیاری دەکرا. لە مێژوویی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە ئەوە یەکەمجار بوو لە لایەن دەزگای دادوەریی وڵاتێکەوە حوکمی گرتن و دەستبەسەرکردنی وەزیرێکی وڵاتەکەی بە تاوانی بەشداریی لە کردەوەیەکی تیرۆریستی کە کوشتنی بە ئەنقەستی لێ‌کەوتبووەوە دەردەچوو. ئەوەش بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی نرخێکی زۆر گرانی بە دواوە بوو، لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتی قەزایی ئاڵمان، داواکاری گشتیی فیدراڵ و سەرۆك و دادوەرەکانی دادگای «میکۆنووس» زۆر وردبینانە و ئازایانە ئەرکی یاسایی و ئەخلاقی خۆیان بەجێ هێنا. ئەوەش دەکرێ لە دوو روانگەوە سەیری بکەین، یەکەم: فەرهەنگی دادپەروەری، دادکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ لە نێو خەڵکی وڵاتەکەی‌دا جێگیر کردووە. کەوابوو ڕاهاتن بەو کلتوور و پەروەردەبوونە ئاواتی؟ مرۆڤە و ئازادیخوازان لە مێژە خەباتی بۆ دەکەن. دووهەم، وەك ئاوێنەیەکی باڵانوێن وایە کە پیشاندەری ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و نیشاندەری ڕایەڵەی سیخوڕی و پیلانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی سەدە ناوەڕاستیی ئێرانە لە ئورووپا. بۆیە سەرەڕای بوونی پێوەندییەکی بەربڵاوی بازرگانی لە نێوان ئاڵمان و ئێراندا، قازانجی ئابووری و هەروەها هەڕەشەکانی ڕێژیم نەیتوانی پێش بە بەڕێوەچوونی دادپەروەری بگرێت و سەربەخۆیی دەزگای قەزایی ئاڵمان سەلمێندرا، ئەوە خاڵێکی زۆر هەستیار بوو، چونکە لە پرسی میکۆنووسدا چەند کەس لە ڕێبەرانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی گەلێکی چەوساوە و خاوەن رابردووی وەك گەلی کورد بوونەتە قوربانی. لە لایەکی دیکەوە حکوومەتێکی زۆردار و دەست ڕۆیشتووی کۆنەپەرستی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئیمکاناتی وڵاتی بۆ پارێزگاری لە مانەوەی خۆی و لە نێو بردنی ئازادیخوازان و دژبەرانی بەکار دەهێنا، بۆیە سروشتییە کە بە هیچ جۆرێك هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوولایەنەدا نەبێت، بەڵام یەکسانی، یاسا، داکۆکی لە مافی قوربانیان پاڵپشتی لەو لایەنە غەدر لێکراوە بوو بۆ ئەوەی لە دادگای میکۆنۆسدا یاسا و دادپەروەری سەرکەون بەسەر زۆردار و تاوانباراندا. بە کورتی شوێنەواریی یاسایی حوکمی دادگای میکۆنووس توانی لە سەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی ڕەوشێك بێنێتە ئاراوە کە دەرفەت بۆ تاوانبار نەمێنی تاکوو لە دەست دادگا دەرباز بێت یان خۆی بەدوور بگرێت و شوێنە ونکە بکا، جا ئەو تاوانبارە لەهەر پلەیەکی بەرزی حوکمی‌دا بێ، گرینگ ئەویە تاوان روون بێتەوە، تاوانباری سەرەکی بناسرێ و پێش لە دووبارە بوونەوەی ئەنجامدانی تاوان بگیردرێ. ئەگەر دەوڵەتی ئوتریش ڕەوتی پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن، وەك دادگای ئاڵمان بەرەوپێش بردبا، بێگومان کردەوەی تیرۆریستی و جینایەتی بێرلین ڕووی نەدەدا. دەبێ هەموو لایەك دان بەو ڕاستیەدا بنێن کە ئەوە دادگای میکۆنووس بوو پێشی بە سیستمی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات گرت و دادگای میکۆنووس لە دانیشتنی فەرمیی ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی بە بڕیارێکی ئازایانە و دادپەروەرانە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتداریدا وەك بڕیاردەران و بکەرانی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە جیهان ناساند و حوکمی زیندانیشی بۆ چەند کەسێك لەوانەی دەستیان لە بەڕێوەبردنی فەرمانی تیرۆرەکەدا هەبوو دەرکرد. ئەو حوکمەی میکۆنووس بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری زیندوو و یاساییە کە بە دەست هەموو لایەنگرانی ئازادی، مافخواز و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی پێ مەحکوم بکەن و ڕێگا خۆش بکرێ بۆ کردنەوەی هەموو ئەو دۆسییانەی دیکە کە لە ئارشیوی دەزگا قەزاییەکاندا پەراوێزخراون و خاك و خۆڵ دەخۆن و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە فەرامۆشی سپێردراون. وەك دۆسیەی تیرۆری شەهید دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن...

# کوشتاری موسڵمانەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بێدەنگیی ئێران



■ هیوا میرزایی

وڵاتی میانمار بە زیاد لە ٦٠ میلیۆن دانیشتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵکەوتووە و تا ساڵی ١٣٢٧ کە سەربەخۆیی وەرگرت، کۆلۆنیالی وڵاتی بریتانیا بوو و لە ساڵی ١٣٤١ تا ١٣٩١ حکوومەتێکی سەربازی بە سەریدا زاڵ بوو، دواتر دوای هەڵبژاردن لە لایەن حکوومەتێکی نیمچە سەربازییەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەم وڵاتە لە کاتێکەوە بە سەربەخۆیی گەیشتووە، بە هۆی پێکهاتەی مرۆییەوە تووشی کێشە و شەڕی درێژخایەنی نێوخۆیی بووە. موسڵمانانی میانمار ٤ لەسەدی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێك دێنن و بە هاووڵاتیی نایاسایی بە ئەژمار دێن و لە لایەن میلیشیا بوودایییەکانەوە و بە پاڵپشتی حکوومەتی ناوەندی لە ژێر ئەستەمترین گوشارەکاندان.

شەپۆلێکی دیکەی سەرکوت و لەبەرچاونەگرتنی مافی موسڵمانەکانی میانمار کە بە «روهینگیا» بەناوبانگن، لە ژوئەنی رابردووەوە دەستی پێکردووەتەوە و تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە و بووەتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر و ئاگرتێبەردانی زۆرێك لە ماڵ و مزگەوتەکان و ناچارکردنیان بۆ کۆچ لەم وڵاتە. بە درێژایی سێ دەیەی رابردوو، موسڵمانەکانی روهینگیا مافەکانیان پێشێل کراوە و تووشی پاکتاوی رەگەزی و کوشتار و دەستدرێژی بوون و لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی میانمارەوە ناچار بە کۆڕەوی زۆرەملێ دەکرێن.

ئەوەی لەم بارەوە جێی سەرنجە بێ هەڵوێستیی دەوڵەت و رێکخراوە مەدەنییەکانی جیهانە بۆ ئەم جینایەتە دژە مرۆییانە و بەتایبەت جیهانی ئیسلام و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە کاتی هاتنە سەرکارییەوە هەمیشە دروشمی یەکیەتی و پاڵپشتی لە موسڵمانەکانی داوە و هەمیشە خۆی بە داڵدەدەر و لایەنگری موسڵمانەکانی سەرانسەری جیهان زانیوە و بانگەشەی رێبەریی موسڵمانەکانی جیهانی کردووە، بەڵام دەبینین هەرکات بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی دەکەوێتە مەترسییەوە چاوپۆشی لە هەر جۆرە جینایەت و کۆمەڵکوژییەك دژی موسڵمانەکان دەکا و نە لە سیاسەتی دەرەوە بایەخ بەم پرسانە دەدا و نە لە نێوخۆیش راگەیەنە گشتییەکانی باس لەو پرسەیە دەکەن و بە کردەوە بایکۆتی هەواڵ و هێندێك جار بە چەواشەکردنی راستییەکان لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە جینایەت دەکەن هەنگاو هەڵدەگرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە نێوخۆی ئێرانیشدا کەمایەتییە ئایینییەکان و نەتەوە ماف پێشێلکراوەکان لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش و لە ئەگەری داواکاریی مافەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن. ئەم سیاسەتە یەك بان و دوو هەوایەی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە زەقی دەبینرێ، وەك دەبینین کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر کوشتاری موسڵمانەکانی چین و چیچێن و مالزی بێدەنگیی کردووە و شۆڕش و بەرخۆدانی خەڵکی موسڵمانی سووریە بە تیرۆریست دەشوبهێنێ. هەرچەند یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بێدەنگی و چاوپۆشیی کۆماری ئیسلامی لە جینایەت لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هاوکاریی دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئەم وڵاتانەیە بۆ دەربازبوون لە گەمارۆ نێونەتەوەییەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانێکی وەك چین و رووسیە کە بە درێژایی مێژوو دەسەڵات و هێژمۆنیان بە سەر ئەم وڵاتانەدا هەبووە.

# ئێعدام دڕندانەترین ئامراز بۆ مانەوەی ڕێژیم

■ ئەوین مستەفازادە

شۆڕشی ساڵی١٣٥٧ی ئێران کە بۆ ئامانج و خواستە دێموکراتیەکەکان ئەنجامدرا پاش سەرکەوتن، لە لایەن کۆمەڵێك ئاخووندی بیرتەسکەوە بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە هەستی ئایینی بەشێك لە خەڵکی ئێران بە لاڕێدا برا و سیستمێکی دیکتاتۆری دامەزرا کە بۆمانەوەی خۆی سیاسەتی توندوتیژی و توقاندنی گرتە بەر. ئێعدام یەکێك لە شێوە باوەکانی سەرکوت بوو کە هەر لە سەرتاوە بە شێوەیەکی سیستماتیك بۆ کپکردنی دەنگە جیاوازەکان بەکارهێنرا. ئێعدامی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ساڵی ١٣٥٨ و ئێعدامەکانی دەیەی ٦٠ نموونەیەکن لە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئێعدام یەکێکە لە جۆرەکانی تۆڵە و سزادان، بە واتایکیتر ئەوپەڕی سزادنە بۆ کەسێك کە بە تاوانبار دەناسرێ و لە یاسای هەندێك لە وڵاتان بوونی هەیە کە بەپێی حوکمی دادگا ژیان لە مرۆڤێك دەستێندرێ.

لۆژیکی ئێعدام دەیهەوێت بسەلمێنێت کە تاوانبار و قوربانی هی دو دنیای جیاوازن کە یەکێکان «هاووڵاتییەکی ئاسایی»یە و ئەویتریان «ئاژەڵێکی مەترسیدارە» کە مافی ژیان و بایەخپێدانی نییە.

بە سزادانی مرۆڤەکان تاوان کەم نابێتەوە، بەڵکوو بە گۆڕینی بارودۆخ تاوان کەم دەبێتەوە و کەمبوونەوەی رێژەی تاوان لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستی بە دابینکردنی بارودۆخێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە تاکەکان تێیدا لە ژیانێکی مرۆیی و باش بەهرەمەند بن.

«رۆسو» دەڵێت: «دەوڵەتێکی کارامە پێویستی بە یاسای سزادانی قورس نییە، نەك بە هۆی ئەوەی کە هەڵەکان دەبەخشرێن بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە رێژەی تاوانباران کەمە».

دەوڵەتەکان و بەتایبەتی حکومەتی ئێران دیهەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە بە سەپاندنی سزای ئێعدام تەناهیی کۆمەڵگا دەپارێزێت، لە حاڵێکدا ئەوە ناکارامەیی رێژیمی ئێران دەگەیەنێت کە نەیتوانیوە بوارەکانی سەرهەڵدانی تاوان و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا کەم بکاتەوە و بە سیاسەتە چەوتەکانی خۆی هەمدیس بەرهەمهێنەرەوەی جۆرەکانی توندوتیژییە. سیستمێکی سەرکوتکەر کە بە کردەوە نادرووستەکانی خۆی خولقێنەری قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بووە و ئامارەکانی پێشێلکاریی لە بەرزترین ئاستدان، وەك نموونە ئاماری تایبەت بە سزای ئێعدام لە ئێران بە بەردەوامی لە ئاستی جیهان لە پلە یەکەمەکاندایە.

لە سەردەمی ئەمرۆدا سزای ئێعدام لە جیهان رووی لە کەمبوونەوەیە و زۆربەی وڵاتان یاساکانی نێودەوڵەتی دژ بە ئێعدامیان واژۆ کردووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە تا ئەمرۆش ئەم کۆنوانسیۆنەی واژۆ نەکردووە و بەپێی ئامارەکان رێژەی ئێعدام رووی لە زیادبوونە.

بەپێی دوایین راپۆرتی ساڵی ٢٠١٢ «رێکخراویی لێبووردنی نێودەوڵەتی» لە چوار وڵاتی ئێران، عێراق، یەمەن و عەرەبستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین رێژەی ئێعدامکردن ٥٠ لەسەر سەد زیادی کرووە کە لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پلەی یەکەمدایە و لە سەر ئاستی جیهانیشدا لە دوای چین بە ئاماری ٤١٣ ئێعدام لە ساڵی ٢٠١٢دا لە پلەی دووهەمدایە.

هەروەها بەپێی ئاماری تۆمارکراوی ئاژانسی هەواڵدێری کوردپا لە ساڵی رابردوودا ٧٧ هاووڵاتی کورد لە ئێران بەرەوڕووی حوکمی ئێعدام بوونەتەوە کە لەم رێژەیە ٥٦ کەس ئێعدام کراون و ٢١ کەسیش حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە کە ٩ کەسیان حوکمەکەیان سیاسییە.

حەبیب ئەفشاری، عەلی ئەفشاری، مەنسور ئاروەند، سامان نەسیم، بەختیار مێعماری، سمکۆ خورشیدی، هوشەنگ رەزایی، ئیبراهیم عیساپور و سیروان نژواری بە هۆی چالاکیی سیاسی لە لایەن دەزگا قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە حوکمی ئێعدامیان بۆ بڕاوەتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا جێگای سەرنجە، ئێعدامکردنە لە ئێران لە ژێر چ ناو نیشانێکدا و بە پێی تۆمەتی وەپاڵدراوە. بەرواڵەت بە پێی یاساکانی ئێران تاوانی سیاسی، بوونی نییە، بەڵکوو تاوانی تەناهی هەیە. ئەمەش هەر سیاسەتی فریودانی رای گشتییە، بەڵام ئێعدامکردن ئەگەر لە ژێر ناونیشانی سیاسیش نەبێت پێوەندیی بە پرسە سیاسییەکانەوە هەیە کە ئێعدامی کوردەکان لە ساڵی ١٣٥٨ و ئێعدامەکانی دەیەی ٦٠ سەلمێنەری ئەو راستییەن کە کۆمەڵگایەکی داخراوتری لە بواری ئازادی بیروڕا و ئایدیولوژیا هەر لە سەرەتاوە هێنایە کایەوە، کۆمەڵگایەك کە بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کەموکوڕی لێکەوتەوە. وەك بێکاری، هەژاری، دواکەوتووی، بێ توانایی لە گۆڕینی ژیانی کەسی و بەکۆمەڵ و خولقاندنی دەیان دیاردە و کێشە کە دەرخەری بوونی سیستەمێکی دیکتاتۆرە کە بە سیاسەتە چەوت و دژە مرۆییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیستەمەکانی کۆمەڵگای ئێرانی تێك داوە.

ئێعدام کردن لەبەردەم خەڵك یەکێکیتر لە سیاسەتەکانی رژیم بۆ بڵاو کردنەوە و بەرهەم هێنانەوەی توندتیژی و کپکردنی دەنگی خەڵکە، کە بە پێی ئامارەکان، ئەم رێژەیە ساڵ لە دوای ساڵ روو لە زیادبوونە. تەنانەت لە ساڵی رابردوودا شاهیدی چەند نموونەیەك بووین لە بڕینەوەی دەست و قامك لە بەردەم خەڵك کە مەترسیداربوونی ئەو دیاردە کاتێك دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە توندوتیژیانە لای خەڵك ئاسایی بنوێنن.

زۆرترین ئامارەکانی ئێعدام لە ئێران دەگوترێ کە بە تاوانی قاچاخی مادە هۆشبەرەکانەوەیە، هەر وەك ئاشکراشە ئامانج لە سزاش چاکسازی و کونترۆڵی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ کەم کردنەوەی رێژەی تاوان، ئەوە لە کاتێکدایە کە سزای ئێعدام لە ئێران نەك رێژەی ئەم تاوانانەی کەم نەکردۆتەوە بەڵکوو بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو، بە چەندین قات زیادی کردووە. بە شێوەیەك کە ژمارەی ئەو کەسانەی بە تاوانی پەیوەندیدار بە مادە هۆشبەرەکان لە زینداندان چەند بەرابەرەوە بووە و هەروەها رێژەی پەرەسەندنی گیرۆدەبوون بە مادە هۆشبەرەکان لە ئێران لەوپەڕی مەترسیدایە کە ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە نابەجێکانی کۆماری ئیسلامی کە لە لایەك بە سزای ئێعدام بە رواڵەت دژی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان دەوستێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان لە هەوڵی لەنێوبردنی بیرکردنەوە و مافخوازیدایە. بە هەرحاڵ بە کردەوە دەرکەوتووە ئێعدامی ئەو کەسانەش لە سەر مادە هۆشبەرەکان ئەنجام دەدرێن زۆرتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەدەر لە بازنەی رایلکەی رێژیم بۆ بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان سەربەخۆ کاریان کردووە.

## رۆژەڤ

و: رەزا فەتحوڵڵانژاد

### کورەی باکوور ئێستایش براوەیە

تەلەفیزیۆنی «CNN» رۆژی ١٤ی ئاوریل راپۆرتێکی شیکاریی لە ژێرناوی «کورەی باکوور ئێستایش براوەیە» لەسەر هەڕەشەکانی کورەی باکوور بۆ سەر جیهان بڵاو کردەوە. راپۆرتەکە لە لایەن «فریدا گیتیس»ەوە ئامادە کراوە.

لە چەند پاراگرافی سەرەتای راپۆرتەکەدا هاتووە: «رێبەرانی جیهان بە نیگەرانی و بە پارێزەرە دەجوولێنەوە و هەوڵ دەدەن پێش بە رووودانی کارەساتێك لە نیمچەدوورگەی کورە بگرن. ئەم دەورە پێشبینی نەکراوەی زیاتربوونی بەردەوامی هەڕەشەی کەڵکوەرگرتن لە زۆر، بەم زووانە کۆتایی پێ نایەت، بەڵام تا ئێستا براوەکە، رێژیمی کورەی باکوور و دۆڕاوەکە، خەڵکی بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکراوی کورەی باکوور، وێڕای زۆربەی خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهانی.

کاتێك ئێمە لە دوورەوە سەیری دراماکە دەکەین، هیچ شتێك بایەخکی نییە، جگە لەوەی بزانین پرۆگرامە چەکوچۆڵییەکانی کورەی باکوور ـ نەك چەکەکان بۆ خۆیان ـ دەتوانن بگەنە چ ئاکامێك.

بەرپرسانی دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمریکا بەراوردی جیاوازیان لە رادە و توانایی مووشەکەکانی کورەی باکوور و ئەوەی کە تەیارن بە کڵاوەی ناوکی یان نا، هەیە. بەڵام تێکنۆلۆژیی مووشەکی و ناوکیی ئەم وڵاتە هەر ئێستا رێگەی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دۆزیوەتەوە.

کورەی باکوور یارمەتیی سووریەی دا تا رێئەکتۆرێکی ناوکی پەرە پێبدا. تێکنۆلۆژیی مووشەکی و چەکوچۆڵی بە هەر لایەنێك کە ویستبێتی پارەی بۆ بدات، فرۆشتووە و هاریکاریی نزیکی لەگەڵ ئێران زیاتر کردووە.

ئەگەر قەیرانەکە هەر ئێستا کۆتایی پێ بێ ـ بە شێوەیەك کە هەر ئامرازێکی سەربازی بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە چەند مانگ پێشتر لێی بوو و هەر کەس پێبەند بێ بە بێدەنگیکردن بەنیسبەت پرسەکە بە جۆرێك کە ئێمە نە هەڕەشە و نە داواکاریی زیاترمان رووبەڕوو بکرێتەوە ـ ئەوا رووبەڕووبوونەوەکە پەیامگەلێکی روون و وێرانکەر بۆ سەرانسەری جیهان دەنێرێ، هانی ئەو دیکتاتۆر و رێژیمانە دەدا کە خەریکی پەرەپێدانی چەکوچۆڵی ناوکین یان بیری لێ دەکەنەوە.

پەیامی کورەی باکوور وادیارە ئەمەیە: ئەگەر ئێوە توانایی ناوکیتان هەبێ، ئیدی گرینگ نیە کردەوەکانیان چەندە پەسەندنەکراوە، گرینگ نیە چەندە ترسناك لەگەڵ خەڵکی خۆتان هەڵسوکەوتی خراپ دەکەن، گرینگ نیە چەندە ئابوورییەکەتان وێران و لاوازە. ئەگەر ئێوە کۆگای ناوکیتان هەبێ، ئەو وڵاتانەی کە دەتوانن بە بەشێکی بچووکی هێزەکەیان بتانڕووخێنن، لە ناکاو لەوەی کە تووڕەتان بکەن، دەترسن».

نووسەری راپۆرتەکە دواتر باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بێهەڵوێستییەی جیهان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی کورەی باکوور و لە بەشێکیدا باسی پێوەندییە ناوکییەکانی ئەو رێژیمە لەگەڵ ئێران و مەترسییەکانی ئەم پێوەندییانە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی دەکات.

راپۆرتەکە بەم دێرانە کۆتایی دێت: «جیهان دەبێ بەدوای رێگەیەکی داهێنەرانەوە بۆ ئازادکردنی خەڵکی کورەی باکوور بێت، لە هەمان کاتدا بیر لە ئاکامە کارساتبارەکانی ئیزندان بە رێژیمە مەترسیدارەکان بۆ دەستڕاگەیشن بە چەکوچۆڵی ناوکی بکاتەوە.»

سەرچاوە:
CNN

# شیعری «هێمن» لە روانگەی ڕەوانناسیی پەیوەندییەکانەوە

■ یاقووب خزری

سەرەتا پێویستە پێناسەیەکمان لە دوو چەمکی گرینگ هەبێ بۆ ئەوەی کە لە درێژەی وتارەکەدا بە تێڕوانینێکی باشتر سرنج بدەینە بابەتەکانی باس کراو.

یەکەم، مەفهوومی ڕەوانناسی کۆمەڵایەتییە. ئێرۆنسۆن یەکێك لە ڕەوانناسە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێ: ڕەوانناسی کۆمەڵایەتی یانی کارتێکەری لە سەر باوەر و کردەوەکانی کەسانێکی تر بە شێوازگەلی جۆراوجۆر.

دووهەم، مەفهوومی پێوەندییە. ئەو مەفهوومە لە ڕەوانناسی کۆمەڵایەتی دا بەشێکی زۆر گرینگی وە خۆ گرتووە و لە ناو وتارەکەشدا بە وردی شی دەکرێتەوە. بەڵام دەتوانین لە یەك ڕستە دا بڵێین: پێوەندی یانی ڕاگوێزتنی ئیتلاعات لە تاك یا گرووپێك بۆ تاك یا گرووپێکی تر.

ئێدوێن ئێمێری لە بابەت چەمکی پێوەندی دا دەڵێ: «پێوەندی، تکنیکی ڕاگوێزتنی ئیتلاعات،ئەندێشە و کردەوەکان لە تاکێك بو تاکێکی ترە و بۆ ئەو مەبەستەش لە کەرەسەی جۆراوجۆر کەلك وەردەگیرێ.

«لاندبێرگ»،»شراگ»و»لارسێن» پێوەندی ئاوا پێناسە دەکەن: «پێوەندی یانی ڕاگوێزتنی مانا و پەیام لە ڕێگای نمادەکان».لە ڕوانگەی ئەو سێ زانایە کاتێك مرۆڤەکان لە ڕێگای نمادەکان شوێن لە یەکتر وەردەگرن ئەوا دەتوانین بڵێین لە پێوەندی دان.

لە لایەکی دیکەوە «چارلز کوولی» یەکێك لە بەناوبانگترین لێکوڵەرانی ئەم بوارە دەڵێ: «پێوەندی مێکانیزمی بەرقەرار کردنی پێوەندی نێوان مروڤەکانە و تەواوی هێماکان هاوڕێ لە گەڵ کەرەسەی ڕاگوێزتنیان لە چوارچێوەی پێوەندی دا دەگونجێن».

بەو پێیە پێوەندی ڕاگوێزتنی پەیامە بۆ خەڵکانی تر لە ڕێگای نمادەکان و بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگایە.

ئەو وتەی دێکارت:»من بیر دەکەمەوە کەوایە هەم»، لە چوارچێوەی پێوەندی دا مانا دەدا.

یەکەم: سەرچاوەی پێوەندی

لە بابەت سەرچاوەی پەیام یا ئەو کەسەی پەیام دەنێرێ سێ مەسئەلەی زۆر گرینگ پێویستە باس بکرێ.

یەکەم ئەوەی کە سەرچاوە تا چ ڕادەیەك لە لایان بەردەنگەوە گرینگی پێ بدرێ.ئەگەر سەرچاوە بلیمەت یا کەسێکی باش بێ، لە لایان کۆمەڵگاوە پەیامەکە چاکتر وەردەگیرێ تا ئەوەی کە مرۆڤێك یا تاکێکی خراپ و بێ جێگە و پێگە لە قەڵەم بدرێ.

دووهەم مەسئەلە لەم بابەتە دا زێدەبوونی متمانە بە سەرچاوەیە. هەرچی سەرچاوە لە لایان کۆمەلانی خەڵك جێگای متمانەی زیاتر بێ پەیامەکەی ئاسانتر وەردەگیرێ. ئەو مەسئەلەیەش لە لایەن «ئێرۆنسۆن»،»والیستێر» و»فیستینجێر»، بە شێوەی پۆزیتیویستی تاقی کراوەتەوە و بۆتە بنەمایەکی زانستی لەو مەسئەلەی پێوەندی دا.

مەسئەلەی سێهەم ڕادەی سرنج ڕاکێشی سەرچاوەیە. مەبەست ئەوەیە سەرچاوە تا چ ڕادەیەك سرنج ڕاکێش و خۆشەویستە.

دووهەم: چییەتی پێوەندی

شێوەی بەیانی پەیام ڕۆڵێکی گرینگی لە شوێن دانانەکەی دا هەیە. پەیامەکان لە چەند لایەنەوە جیاوازیان هەیە. ئێرۆنسۆن پێنج لایەنی گرینگ باس دەکا بەم چەشنە: ١- ئایا پەیامێك مەنتیقی لە پشت بێ چاکتر قەبووڵ دەکرێ یا ئەوەی کە بیهەوێ هەست و هەیەجانی خەڵك ببزوێنێ؟ ٢- ئایا پەیامێك بە نیشاندانی نموونەیەکی زیندوو چاکتر وەردەگیرێ یا ئەوەی کە بەڵگەی ئاماری قەوی لە پشت بێ؟ ٣- ئایا پەیامێك دەبێ یەك لایەنە بێ (فەقەت لایەنە پۆزیتیڤەکان یا فەقەت لایەنە نێگەتیڤەکان) چاکتر وەردەگیرێ یا دوو لایەنە بێ (هەم لایەنە پۆزیتیڤەکان و هەم لایەنە نێگەتیڤەکان)؟ ٤- ئەگەر بڕیار بێ دوو لایەنە بێ تەرتیبی ناردنی پەیامەکە چۆن بێ بە واتایەکی تر، سەرەتا لایەنە پۆزیتیڤەکان بکوترێ یا لایەنە نێگەتیڤەکان؟ ٥- چ پێوەندیەك هەیە لە نێوان ناوەرۆکی پەیام و بیر و ڕا و باوەرەکانی بەردەنگ؟

سێهەم: تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ

بە سرنج دان بەوەی کە مرۆڤەکان لە باری کەسایەتییەوە جیاوازیان هەیە، هەر تاکێك بە پێی ئەندیشە و تەفسیری خۆی لە گەڵ پەیامی دەق یا هەر شتێك کە دەیبیسێ هەڵسووکەوت دەکا. دەبێ بڵێین مەسئەلەی زۆر گرینگ و پێوەندی دار بە بەردەنگی پەیام مەسئەلەی تەجروبە زێهنییەکانی پێشووی بەردەنگ یا بە واتایەکی تر چوارچێوەی فکری بەردەنگ پێش بیستنی پەیامەکەیە.

لێکدانەوە:

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێئۆرییەکەی ئێرۆنسۆن لە مەڕ سێ مەسئەلە گرینگەکەی پێوەندی دار بە چەمکی پێوەندی یانی سەرچاوەی پێوندی، چییەتی پێوەندی و تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ، دەبێ بڵێین ئەگەر مامۆستا هێمن وەکوو سەرچاوە لە قەڵەم بدەین، کە لە ڕێگای نووسین بە گشتی و شێعر بە تایبەتی دەیهەوێ پەیام گەلێك بگەیەنێتە بەردەنگەکەی. دەتوانین بڵێین بەرێزیان خاوەنی هەر سێ تایبەتمەندییەکانی سەرچاوەیە کە ئێرۆنسۆن باسی دەکا.

یەکەمیان کوتمان گرینگی سەرچاوەیە؛ هەبوونی ئەو تایبەتمەندییە بە تەواوی لە مامۆستا هێمن دا بە دی دەکرێ؛ چونکە ئەو کاتەی دەژیا و ئێستاشی لە گەڵ بێ کە لە نێومان دا نیە، بە هۆی ئەندێشە و چالاکییەکانی کە بۆ هەمووومان بەرچاوە، لە نێو ئێمە بە کەسێکی خاوەن پلە و بلیمەت دەناسرێ. ئەگەر ئەرەستوو دەڵێ ئێمە وتەی گەورە پیاوان باشتر قبووڵ دەکەین، مامۆستا هێمن لەو چوارچێوەیە دا دەگونجێ و بە پلە بەرزەکەی ئەو ڕاستیە دەسەلمێندرێ.

لە بابەت مەسئەلەی دووهەم (زێدەبوونی متمانە بە سەرچاوە) دەکرێ بڵێین، بە هۆی جێگە و پێگەی دیاری کراوی مامۆستا هێمن لە سەراسەری ژیانی خۆی دا جێگەی متمانەی خەڵك و تەنانەت ڕووناکبیرانیش بووە؛ بە چاوخشاندێك بە سەر ژیانی مامۆستا هێمن دا بە ئاسانی ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ .

بۆ مەسئەلەی سێهەم و پێوەندیدار بە سەرچاوە کە مەسئەلەی سرنج ڕاکێشی سەرچاوەیە دەبێ بڵێین،ئێرۆنسۆن ئەو مەفهوومەی تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دا دەدۆزێتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو تێئۆرییە لەو بەشەدا تووشی کەم و کورتی مانایی بووە؛چونکە تەنیا لە ڕووی هێندێك فاکتەری ڕواڵەتییەوە (وەکوو ڕوخۆشی و دەم بەپێکەنین بوون )سرنج ڕاکێشی پێناسە دەکا؛بەڵام بەڕای نووسەری ئەم وتارە دەتوانین تۆزێك بەربلاوتر و قووڵتر بڕوانینە ئەو چەمکە. دەکرێ بە پەرەپێدانی زیاتری مەفهوومی باسکراو و هەروەها بۆشیکردنەوەی زیاتری ڕادەی سرنج ڕاکێشی مامۆستا هێمن ئاماژە بەو بەشە بکەین کە لە پێشەکییەکەی تاریك و ڕوون دا هاتووە:»هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ، بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نیە،لە هەموو دیوانی هێمن دا شێعرێك کە باسی نەتەوەیەکی تر بە خراپە بکا ، یا کورد لە نەتەوەیەکی تر بەرزتر دابنێ بەدی ناکرێ»(٦)ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕادەی سرنج ڕاکێشی مامۆستا لەلای کۆمەڵگای کوردی هەمیشە زۆر بێ.

ئەم فاکتە بۆ مەسئەلەی هەوەڵی پێوەندیدار بە سەرچاوە (یانی گرینگی سەرچاوە )ش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە ، چونکە ئەو تایبەتمەندییە گرینگییەکی تایبەتی دابوو بە هێمن و شێعرەکانی.

مامۆستا هێمن لە باری کەسایەتییەوە، کەسێك بووە حەزی زۆر لە جەفەنگ و قسەی خۆش بووە و لە نێو کۆمەلانی خەڵك وەکوو کەسایەتییەکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین ناسراوە، هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییانە سەرەڕای هەموو ئەو دەرد و ئازارانە بوو کە بۆ نەتەوەکەی هەیبوو، ئەوەش وای کردبوو مامۆستاهێمن هیچ کات خۆی وەکوو مرۆڤێکی خەمۆك و نائومێد نیشان نەدەدا. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە وای لە مامۆستا هێمن کردبوو ببێ بە بلیمەتێکی سرنج ڕاکێش و خۆشەویست.

دووهەمین مەسئەلەی پێوەندیدار بە چەمکی پێوەندی لە ڕوانگەی ئێرۆنسۆن چییەتی پێوەندییە.لەوپێوەندییەدا پێنج لایەنی گرینگ هاتە بەر باس ،ئێستا بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی شێعری هێمن لەو بازنەیە دا دەچینە ناو قووڵایی باسەکە :

لایەنی یەکەم ئەوە بوو،ئایا پەیامێك مەنتیقی لە پشت بێ چاکتر قبووڵ دەکرێ یا ئەوەیکە بیهەوێ هەست و هەیەجانی خەڵك ببزوێنێ؟ بە ڕای نووسەری ئەم وتارە، بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ هەل ومەرجی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا لە بەرچاوبگیرێ. ئەگەر کۆمەڵگا لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی یا سیاسی دا بێ، بە واتایەکی تر لەژێر زووڵم و چەوسانەوە دابێ لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە هیچ مەنتیقێك قەبووڵ ناکەن چوونکە زوڵم کردن لەلای دەسەڵاتداران هیچ مەنتیقێکی لە پشت نییە. هەربۆیە لە وەها قۆناغێك دا واباشترە شاعیر پشت بە بزواندنی هەست و هەیەجانی خەپك ببەستێ بۆ ئە وەیکە پەیامەکەی (شێعرەکەی) بە ئاسانی وەربگیرێ وشوێنی خۆی دابنێ.

بۆ وێنە مامۆستا هێمن لەو فاکتۆرە ڕەوانیە بە باشترین شێوە کەلکی وەرگرتوە. لە «کوردم ئەمن» دا دەڵێ:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەوچەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

لەو دێڕە شێعرە دا مامۆستا هێمن بە هێنانەوەی سێ وشەی ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد لە نیوە دێڕی هەوەڵ دا دەیهەوێ زیاتر پشت بە بزواندنی هەست و هەیەجان ببەستێ تا مەنتیق؛ چوونکە ئەو وشانە لە باری ڕەوانناسییەوە دەکەونە خانەی وشەگەلی هەیەجانی، هەڵبەت لە چەشنی هەیەجانە نێگەتیڤەکان.

پاشان بەو وشانە دەیهەوێ پێوەندییەکی ڕەوانی بەرقەرار بکا بۆئەوەی کە ئەسڵی پەیامەکە لە دێڕەکانی خوارتر دا بهێنێتە بەرچاوی خوێنەر. هەروەك بە دوای ئەو دێڕە دا دەڵێ:

عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

لە ڕوانگەی ڕەوانناسی بە گشتی و مەکتەبی ناسیاوی خوازی (شناخت گرایی) بە تایبەتی، کردەوەکانی مرۆڤ بەرهەمی تەفسیرەکانییەتی، یانی مرۆڤ بە پێی تەفسیری خۆی لە وشە و مەسئەلەکان ڕەفتار دەکا.

سێ وشەی، ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد ڕەنگە لە لای بەردەنگ یا خوێنەر تەفسیری ناڕاحەتی، ڕق و تووڕەیی و داماوی لێ بکەوێتەوە. کردەوەکانیش دەتوانن بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ سەرچاوەی ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد ، خەمۆکێ یا حاپەتە ڕەوانییە نێگەتیڤەکان بن. مامۆستا هێمن زۆر زیرەکانە کردەوەی بەرەنگار بوونەوە هەڵدەبژێرێ، لەو جێگایەی دا کە دەڵێ:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

هەروەها پێویستە بگوترێ مامۆستا هێمن بە سرنج دان بەو تایبەتمەندییانەی لە سەرەوە باس کرا، زۆر مامۆستایانە وەکوو ڕەوانناسێکی گەورە و بە پێی بار و دۆخی کۆمەڵگا لە ڕووی مێژووییەوە، لە جۆری سێهەمی پێوەندییەکان واتا جۆری هەست بزوێنەر کەلکی وەرگرتوە و پردێکی ڕەوانی لە هێما و حاڵەتە ئێحساسی و هەیەجانییەکان لە نێوان خۆی و خوێنەرانی دا ساز دەکا؛ بەو جۆرە پەیامەکانی زۆر بە ئاسانی لەو پردە دەپەڕنەوە و لە زەین و بیر و ڕەوانی خەڵك دا خۆیان جێگیر دەکەن.

ئەگەر بمانهەوێ بۆ ئەو بەشەش نموونە بێنینەوە شێعری ئارەق و تین باشترین بەڵگەیە، لە سەرەتای شێعرەکەدا بە هێنانەوەی چەندین نموونەی زیندوو لە کۆمەڵگای کوردەواری ئەوکات، دەیهەوێ پەیامەکەی خۆی بەو شێوەیە بخاتە بەرچاوی بەردەنگ و خوێنەرەکەی:

پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەژارێك هەڵنێ بە تەماڵ
پێش ئەوەی ڕێچکە ببەستن
بۆمزگەوتێ شان بە بەرماڵ

لەو چەند دێڕەدا هێنانەوەی چەند نموونەی زیندووی کۆمەڵگا وەك، چوونە مزگەوتی حاجی و نوێژکەرە بەتەماحەکان، باس کردن لە دەروێش و خانەقا و خەلیفە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی بووە و ئێستاش هەر هەیە. مامۆستاهێمن بە هێنانەوەی ئەو نموونانە دەیهەوێ بەردەنگ ئامادە بکا بۆ ئەوەیکە باس لە نموونەیەکی هەرەزیندووی کۆمەڵگا بکا کە زیاترین زەحمەت دەکێشێ و کەمترین داهاتیشی هەیە، هەروەك لە درێژەدا دەڵێ:

من جوتیارم من جوتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بەئارەق و ئەو بەتین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین

بە سرنج دان بەوەیکە مامۆستاهێمن لەماوەی ژیانی دا لەگەڵ خەپك و بۆخەڵك ژیا، هەموو چوارچێوە فکری و زێهنییەکانی لەگەڵ چوارچێوە فکری و زێهنی بەردەنگەکانی (خەڵك) یەکتری دەگرتەوە؛ ئەوەش ببوو هۆی قەبووڵ کرنی پەیامەکانی لە لای خەڵکی کۆمەپگا.

**ئاکام:**

ئەگەر بمانهەوێ نەقدی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردی بەرەو زانستی تربوون و تێئۆریزە بوون بڕوا و لەگەڵ شێوازەکانی نەقدی ئەوڕۆیی هاسەنگ بێ، پێویستە بابەتەکان، دەقەکان و نووسراوەکانی کوردی لە ڕووی شێوازگەل و مێتۆدی زانستی ئەوڕۆیی سەیری بکرێ، ئەم کارەش پێویستی بە خۆماندوو کردنێکی زۆر هەیە، بە بڕوای نووسەری ئەو وتارە زۆربەی دەقەکانی ئەدەبیاتی کوردی جێی هەیە بەو شێوە کاری لەسەر بکرێ.



# مێژوویی نیگارکێشی ـ هونەری مودێرن و سەدەی هاوچەرخ

هونەری مودێرن چیە؟

رەنگە تێگەیشتن لە گۆڕانێك کە بە درێژایی مێژوو بە سەرە هونەر، بەتایبەت نیگارکێشیدا هاتووە، تا رادەیەك ئەستەم بێ. لەوانەیە پێتان وابێ هونەری مودێرن، لە راستیدا تێفکرین لە شتێك بێ کە لە ئێستادا پێشکەش کراوە، بەڵام زۆرێك لە هونەرمەندانی بواری هونەری مودێرن، دەگەڕێنەوە بۆ قوناخی رێنسانس. گەلێك نێگارکێشی سەردەمی رێنسانسدا بووە کە دەکرێ ناوبانگی هونەری مودێرنی پێ ببەخشین. بۆیە هونەری مودێرن تەنیا پێوەندیی بە سەردەمی ئێستاوە نیە، بەگشتی ئەم دەستەواژەیە بۆ نیشاندانی تکنیك و شێوازگەلێك بەکار دەهێنرێت کە لەگەڵ شێوازە نەریتییەکان جیاوازیی هەیە. بە درێژایی مێژوو هونەرمەندگەلێك بوون کە ئۆگری شێوازە هونەرییە باوەکانی سەردەمی خۆیان نەبوون و خوازیاری ئەوە بوون کە شێوازگەلێکی نوێ تاقی بکەنەوە، هەر بۆیە شێوازی نوێیان ئافراندووە و بەم جۆرەکارانە ناوبانگی هونەری مودێرنیان پێبەخشرا.

دەسپێکی ئیمپرسیونیسم و مودێرنیسم

دەسپێکی مودێرنیسم لە مێژووی هونەردا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٦٧ی زایینی. ئەم مێژووە سەردەمێکە کە تابلۆی «هەڵاتنی رۆژ» لە لایەن «کلود مونە»وە کێشرا. ئەم شێوازە لە هونەر بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ درێژەی کێشا و هونەرمەندەکانی ئەم شێوازە کە دەیانتوانی بە توخمی رووناکی و تیشك پرژێنیی گونجاو، دیمەن و شتی جوان بخولقینن زۆر دڵخۆش بوون. ئەم هونەرە لە ساڵی ١٨٧٣ی زایینی لە لایەن تابلۆی مودێرنی «ئۆلمپیا»ی «پول سزان» درێژەیی کێشا. ئولمپیا بژاردەیەکی نموونە بوو لە مودێرنیسم و ریالیسم و ناتورالیسم.

هونەری خەیاڵی

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٠٠ی زایینی، رادەی ئۆگری بە هونەری ئابستره و جیاواز بەرز ببوەوە. لە هونەرمەندانی ئەم شێوازە لە هونەر، دەکرێ هێما بۆ پیکاسۆ و میرۆ بکەین. ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە شکڵە جۆراوجۆرە هەندەسییەکان و رەنگەکان، تابلۆگەلێکی زۆر جوانیان خولقاند.

شێوازی کووبیسم و سوررئالیسم دەکرێ وەك زایڵەی هونەری ئابستره بزانین. هەروەها دەکرێ هونەری خەیاڵی وەك دەسپێکی شێوازێکی نوێ لە نیگارکێشی بزانین کە بە هێڵگەلێکی قووڵ دەکێشرێن. ئەم شێوازە، ئیزنی ئەوە بە هونەرمەندەکان دەدا تاکوو تێفکرینی دەروونیی خۆیان بە شێوەیەك کە حەزیان لێیە، لە سەر بووم بکێشێتەوە.

سەدەی بیستی زایینی

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، لانیکەم ٥٠ شێوازی جۆراوجۆری هونەری هاتە ئاراوە، یەکێك لە گرینگترینەکانیان، شێوازی سەدەی ٢١ی هاوچەرخ بوو. هێندێ کەس لەو بروایەدا بوون کە ئەم شێوازە هونەرییە لە ئاکامی گۆڕانی شوێن کە لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینی روویدا، هاتۆتە ئاراوە. ئەم گۆڕانکاریە بریتی بوون لە گۆڕان لە ناوەندی هونەرەکان و پێشانگای هونەری لە پاریسەوە بۆ نیویورك. ئەمە بوو بە هۆی جۆرێکی نوێ لە نیگارکێشی کە دەکرێ هێما بکەین بۆ هونەرە خەیالیەکان کە لە ئەمرۆدا ئۆگری زۆریان هەیە. نیشاندانی هەست و جوڵە لە نیگارکێشیدا، شتێك بوو کە لە هونەری مودێرندا کەڵکی لێوەرگیرا.

لە هونەری مودێرندا، هونەرمەند خۆی نابەستێتەوە بە هێل و شێوەی نەگۆڕ و واقێعییەوە و ئەوەی پێی وایە جوان و داهێنەرانەیە دەیخولقێنێ.

سەدەی ٢١ ـ سەدەی هاوچەرخ

هونەرێك کە لە سەدەی ئێستادا دەیبینین، هونەرێك نیە کە لە سەد ساڵی رابردوودا هەبوبێت. هەڵبەت ئەم رەوتی ئاساییەی ژیانی هونەریش بەدوور لەم رێسایە نیە. بەڵام ئەم هونەرمەندانە بە تێپەرینی کات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئێستا بەشێك لە هونەرمەندەکان شێوەی باوی نیگارکێشیی وەك هێڵ و شکڵیان یان کەڵکوەرگراتن لە قەلەم موویان ناوەتە لاوە و بە کەرەستە و شێوازی جۆراوجۆر بەرهەم زۆر جوان دەخولقێنن. هونەرەکانی ئەم سەردەمە لە سەدەی ٢١ی هونەری هاوچەرخیان پێ دەگوترێ.

دیجیتالیسم و تێکنولۆژی کاریگەریی زۆر قووڵی لە گەشەی هونەری هاوچەرەخدا بووە، بۆ وێنە، دیجیتاڵ ئارت لەو جۆرە هونەرانەیە کە سەر بە سەدەی هاوچەرخە، هونەرێك کە لەم قوناخە لە دایك دەبێ و لەم قوناخەشدا گەشەی کردووە.

# کووبیسم چیە

کووبیسم دەکرێ بە سەرچاوەی هەموو هونەرە ئابسترەکان بزانین. کووبیسم لە سەر ئەم بنەمایە پێکهاتووە کە شێوەکانی باوی نێگارکێشی هەڵە و کۆنەن و مرۆڤی ئەمرۆیی دەبێ بە جۆرێکی دیکە باس لە تێفکرین و بیرۆکەکانی خۆی بکا. لە شێوازی کووبیسم بە تێکەڵکردنی سیستمی پرسپکتیڤی هێڵی، بە هونەرمەند دەرەتانی ئەو دەدرێ کە لە یەك کاتدا بە چەند گۆشەنیگاوە چاو لە بابەت بکا تا راستیەکی هەستپێکراو بگوازێتەوە بۆ بینەر. بە واتایکی دیکە، لە بابەتێکدا بە راوەستانی کات چەند وێنە دەکێشرێتەوە. پیکاسۆ و براك، نیگارکیشەکانی بەناوبانگی ئەم شێوازەن.

هەواڵ

## شاجوانی کوردستان: با هەموو پاڵپشتی (پەرواز) بین



شێنێ عەزیز (شاجوانی کوردستان) رادەگەیەنێت کە پاڵپشتیکردنی (پەرواز حسێن) لە بەرنامەی Arab Idol ی کەناڵی MBC ئەرکێکی نیشتمانیی هەموو کوردێکە و هیوادارە لاوانی کورد بە کوڕوکچەوە لەم ئەرکەدا کەمتەرخەم نەبن.

شێنێ عەزیز، بەبۆنەی سەرکەوتنی خانمە دەنگخۆشی کورد (پەرواز حسێن) لە بەرنامەی Arab Idolی کەناڵی MBC لە پەیامێکیدا رایگەیاند «داوا لە کوردانی دەرەوەی وڵات دەکەم پاڵپشتی لە پەرواز بکەن و دەنگی پێبدەن، بۆیە ئەم داواکارییەشم بە هەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیسی و نۆرویژی بڵاو دەکەمەوە».

شێنێ جەختیکردەوە کە (پەرواز) لەو بەرنامەیەدا تەنها گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکوو نوێنەری هونەری کوردییە لە جیهانی عەرەبدا کە هێشتا وەکوو پێویست ئاشنا نین بە هونەر و کولتووری کورد و دەڵێت «بۆیە پاڵپشتیکردنی پەرواز ئەرکێکی نیشتمانی هەموو کوردێکە و هیوادارم لاوانی کورد بە کوڕوکچەوە لەم ئەرکەدا کەمتەرخەم نەبن».

## ئەنجلینا لە دزینی خوێن و هەنگوین بێ تاوان دەرچوو



دادوەرێکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئامریکی بڕیاری دا بە بێ تاوانبوونی ئەستێرەی سینەمایی ئەنجلینا جۆلی لە تاوانی دزینی مافی داهێنەر دوای ئەوەی نووسەرێکی کرواتی بە دزینی چیرۆکی فیلمی (خاکی خوێن و هەنگوین) تۆمەتباری کردبوو.

ساڵی ٢٠١١ جیمس برادۆك سکاڵایەکی دژی ئەنجلینا و کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمی (خاکی خوێن و هەنگوین) بەرزکردەوە و بە دزینی بیرۆکەی فیلمەکەی لە کتێبێکی خۆی بەناوی (پارچەکردنی رۆحەکان) تاوانباری کردن، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەکی زۆر، دادوەری دادگای تاوانەکانی ئامریکا «دۆلی ئێم جی» رایگەیاند کە سەردەم و کەسایەتی و هزرە سەرەکییەکانی هەردوو کارەکە لە یەك دوورن، هەرچەندە هەردووکیان جەخت دەکەنە سەر پێوەندییە رۆمانسییەکان لە کاتی شەڕدا.



بێ دوان...

# «ئافرەت» لە فێستیڤاڵی فیلمی «ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە ئیتالیا نمایشکرا

کورتە فیلمی «ئافرەت» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد لوقمان خالیدی، لە فێستیڤاڵی فیلمی «ئەمڕۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە ئیتالیا نمایشکرا.

ئەم کورتە فیلمە لە دەرهێنانی سینەماکاری کرماشانی لوقمان خالیدیە و لەگەڵ ١٠ کورتە فیلم، فیلمی دیکۆمێنتاری و فیلمی بڵندی سینەمایی بە نوێنەرایەتیی سینەمای ئێران لە میانەی ١٩ەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە وڵاتی ئیتالیا نمایشکرا.

فێستیڤاڵی فیلمی «ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست» تایبەتە بەو فیلمانەیە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەم هاتوون.

لە خولی نۆزدەهەمی ئەم فێستیڤاڵەدا ٣٣ فیلم لە وڵاتی ئیتالیا و ٤٤ فیلم لە بەشی نێودەوڵەتی لە سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەوانە: عێراق، ئێران، لوبنان، میسر، فەلەستین، سووریا، ئەفغانستان، ئەردەن و چەندین وڵاتی دیکە لە رۆژانی ٣ - ٨ ئاوریلی ٢٠١٣ لە ئیتالیا بەڕێوەچوو.

کورتە فیلمی «ئافرەت» لە دوایین بەشداریی نێونەتەوەیی خۆیدا لە ١٩یەمین خولی فێستیڤاڵی فیلمە ئێرانییەکان لە مۆزەخانەی هونەرگەلی هاوچەرخ لە شاری بۆستۆن لە وڵاتی ئامەریکا نمایشکرا.

«ئافرەت» چیرۆکی کچێك بۆ بینەر دەگێڕێتەوە کە دەیەوێت ببێت بە ئەکتەر. ئەم کورتە فیلمە ساڵی پار لە ١٩مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمە دیکۆمێنتارییەکانی «هات داکس» لە شاری تۆرێنتۆی وڵاتی کانادا نمایشکرا و توانی خەڵاتی تایبەت و تابلۆی فەخریی ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم فێستیڤاڵە بەدەستبێنێت.



# ڕیفۆرم لە یاسای بنەڕەتیی تورکیەدا

■ شەهاب خالیدی

ئەو یاسا بنەڕەتییەی کە لە دوای کودتیای ١٢ی سێپتامبری ١٩٨٠ لە لایەن ژێنراڵەکانی تورکیاوە بە سەر گەلانی نیشتەجێی تورکیادا سەپێندرا و لە سەر بنەمای ئەو یاسا بنەڕەتییەی تورکیە چەندین ساڵ سیاسەتی نکۆڵی و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی نیشتەجێی تورکیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە لە ڕێگاگەلی فەرهەنگی، سیاسی، نیزامی و... بەڕێوە چوو، بەڵام بەخۆشیەوە دوای ئەوەی کە لە راپرسییەکی گشتیدا زۆربەی خەڵکی تورکیا دەنگیان بە چاکسازییکردن لەو یاسا بنەڕەتیە دا، ئیستا ڕەشنووسی ئەو یاسا بنەڕەتییە نوێیە لە پارلمانی تورکیادا باسی مشتومڕی لە سەر دەکرێ.

لە راستیدا دەنگدانی زۆربەی خەڵکی تورکیا بە پێکهێنانی ڕیفۆرم لە یاسای بنەڕەتیدا، نیشانەی بێزاریی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتە لەو جیاوازیدانان و شەڕ و توندوتیژییە و ئەوانیش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتیەکی سەقامگیر و تەناهیەکی بەردەوام لەم وڵاتەدا شەڕ چارەسەر نیە.

کارناسانی سیاسی و شارەزا لە بواری کاروباری تورکیا لە سەر ئەو بڕوایەن کە چونکە AKP لە هەوڵی ئەوەدایە کە سیستمی دەسەڵاتداری لە تورکیادا، بکاتە سەرۆکایەتی، بۆیە پێویستی بە هاوکاری و پیشتیوانیکردنی BDP هەیە، هەر بۆیەش BDP دەتوانێ لە بەرانبەر پیشتیوانیکردن لە AKP، هێندێك ئیمتیاز لەو حیزبە وەرگرێ.

گرینگترین دەستەواژە لە یاسای بنەڕتیدا کە BDP لە سەر گۆڕینی پێداگرە، دەستەواژەی «هاووڵاتیی تورکە» کە دەستەواژەیەکی تەواو نەژادپەرەستانە و پڕ لە فەرق و جیاوازیدانانە. شارەزایانی کاروباری تورکیە پێیان وایە کە AKP بە بێ رەزامەندیی CHP دەنگ بە گۆڕینی ئەو دەستەواژەیە نادات. چونکە لە ئەگەری دەنگدانی AKP بەبێ رەزامەندیی CHP، پارتە نەتەوەخوازەکان بەتایبەتیMHP و CHP دەتوانن ئەردوغان و حیزبەکەی بە خیانەتکار و لادان لە ئاڕمانەکانی ئاتاتورك و هەوڵدانی بۆ دابەشکردنی وڵات تاوانبار بکەن و هەستی نەتەوەخوازیی لایەنگرانی ئەردۆغان بورۆژێنن و دەنگی ئەوان بۆ لای خۆیان راکێشن.

هەر بۆیەش شیمانەی ئەوە دەکرێ کە AKP لە بەرامبەر رازیکردنی CHP، بە گۆڕینی ئەو دەستەواژەیە، بۆ خۆی واز لە گۆڕینی هێندێك خاڵ بێنێ کە گرینگیان لە چاو ئەو دەستەواژەیە بۆ دوو لایەنی BDP و AKP کەمتر بێ.

بێگومان لەو رەوشە هەستیارەی کە ئێستا تورکیا تێدایە و پرۆسەیەك بە ناوی پرۆسەی چارەسەری دەستی پێکردوە، پێکهێنانی ڕیفۆرمێکی دێموکراتیانە لەو یاسا بنەڕەتیەدا دەتوانێ هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و لە هەمانکاتدا یاسایی بێ، بۆ لەبەرچاوگرتنی ئیرادە و ویستی تەواوی پێکهاتەکانی نێو تورکیا.

لە وڵاتێکدا کە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکانەوە تا سەردەمی دەسەڵاتداریی کەمالیستەکان، بە شێکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا هیچ رۆڵێکیان نەگێڕاوە، ئیستا دەلاقەیەکی هیوا دەبیندرێ و هەوڵ بۆ داڕشتنی یاسا بنەرەتیەکی مەدەنی دەدرێ و ڕێگا بۆ دێموکراتیزەکردنی تورکیایەك خۆشی دەکرێ کە کوردەکان بتوانن لە ڕێگای خەباتی سیاسی و مەدەنیەوە هەوڵ بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بدەن. بۆیە ئەگەر ئەردۆغان و پارتەکەی بتوانن کۆتایی بە شەڕ و توندوتیژیی چەکداری لەم وڵاتەدا بهێنن و ڕێگا بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی خۆش بکەن، ئەمە دەتوانێ لە مێژووی تورکیادا وەك خاڵێکی زێرین لە کارنامەی AKP، لە ساڵی ٢٠١٣ بەملامە چاوی لێ بکرێ.

بێگومان کۆتاییهاتن بە شەڕ لەم وڵاتەدا و ڕێگا خوشکردن بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی، دەتوانێ بۆ بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئوروپادا هەنگاوێکی دیکە نزیکی بکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کات سیستمی لائیك و دێموکراتیکی تورکیا دەتوانێ، لە راستای بوون بە مۆدێلێکی باش بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکە یاریدەر بێت.

لە تورکیایەکی ئەوتۆدا کوردەکانی ئەو بەشە دەتوانن هەنگاو بە هەنگاو و لە ڕێگەی خەباتی مەدەنی و سیاسییەوە، بە شێوەیەکی بەهێز داخوازییەکانیان لە ڕێگای شەقام، پارلمان و راگەیەنە گشتیەکانەوە بێننە گۆڕێ و هەوڵی بەردەوامی بۆ بدەن و بەم شێوازە خەباتە بتوانن پشتیوانیی بیروڕای گشتیی جیهان و بەتایبەت رۆژئاواییەکان بۆ لای داخوازییوکانیان راکێشن، کە بێگومان لە سەدەی ٢١دا ئەم شێوازە خەباتە دەتوانێ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە مافەکانی نیزیك و نیزیکتر بکاتەوە تا شەڕێکی توندوتیژی چەکداری کە بیانووی زیاتر بداتە دەست نەژادپەرەستەکان بۆ ئینکاری شوناس، زمان و کولتوری نەتەوەکان. بە هیوای ئەوەی کە سەدەی ٢١ سەدەیەك بێت بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

# خەڵکی بێ تاوان، قوربانیانی سەرەکیی بازرگانیی بێ سەروبەرەی چەک

■ چەکۆ ئەحمەدی

پاش چەند دەیە و بگرە چەند سەدەش، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەو ئاکامە گەیشت کە پێویستە هەوساری پچڕاوی ئامرازەکانی خوڵقێنەری شەڕ لە نێوان وڵاتان و بەگشتی لە نێو مرۆڤایەتیدا بەدەستەوە بگرێت و بەربەستێك لە بەردەم فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ و هەناردەکردنی بێ سەروبەرەی چەك دابنرێت. هەر لە سەر ئەم بنەمایە و بەم مەبەستە، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ئەمساڵ (٢ی ئاوریل) گەڵاڵەی ئامادەکراو بۆ کۆنترۆڵی بازرگانیی چەکوچۆڵ بە زۆرینەی دەنگ واتا لە کۆی ١٩٣ وڵات بە ١٥٤دەنگی ئەرێنی و ٢٣دەنگی سپی و تەنیا سێ دەنگی نەرێنیی پەسەند کرد. ئەو سێ دەنگە نەرێنیە دەنگی ئەو وڵاتانە بوون کە ساڵانێکە لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە لە ژێر گەمارۆی پێنەفرۆشتنی چەکدان و بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن تەنانەت ئەگەر بە تێچوویی چەند قاتیش بێت گەمارۆکان بشکێنن. ئاشکراو روونە کە لە نێو هەموو ئەو ١٩٣ وڵاتەدا تەنیا ئێران، سووریە و کوریای باکورن کە دژایەتیی پرۆسەیەکی لەو چەشنە دەکەن و هەوڵ دەدەن هەوڵە جیهانییەکان پووچەڵ بکەنەوە.

جێی سەرنج لەوەدایە کە وڵاتانێکی وەك چین و روسیەش سەرەڕای هەموو ئەو بەرپرسایەتییانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە سەر شانیانە، بۆ پرسێکی ئاوا گرینگ، لە بەر ئەو بەرژەوەندییانەی لەم سێ وڵاتەدا هەیانە دەنگی سپی لە سندوقی دەنگدان دەخەن و ئەمە لە خۆیدا بە واتای رەوایی دان بە کردەوەی نامرۆڤانەی ئەو سێ وڵاتەیە کە بە شێوەیەکی دڕندانە چەکوچۆڵی چین و رووسیە لە دژی خەڵکی سڤیل بە کار دێنن.

بە پێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستدان، ساڵانە زیاتر لە ٧٠ میلیارد دۆلار چەك‌وچۆڵ لە جیهاندا دەفرۆشرێ کە بەشێکی بەرچاوی ئەو چەکانە روو لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چین و هێند دەکات کە وڵاتانی ئامریکا، روسیە، ئاڵمان، فەرانسە و بریتانیا لە دوای یەك لەریزبەندی مەزنترین فرۆشیارانی ئەم چەك وچۆڵانەدان.

ئێران کە یەکێك لە سەرپێچیکەرانی بوواری بازرگانیی چەك و قاچاخی چەکە، ساڵانێکە لە لایەن ئامریکاوە کەوتۆتە بەرگەمارۆ و تەنانەت بە هۆی ئەو کاریگەرییەی ئامریکا لە سەر ئابووری و سیاسەتی جیهانی هەیەتی، وڵاتانی دیکەش نەیانتوانیوە بە ئاشکرا چەك بە ڕێژیمی ئێران بفرۆشن. بەڵام ئەم گەمارۆگەلە نەیانتوانیوە بە تەواوی پێش بە هاوردە و هەناردەی چەك لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بگرێت. تەنانت ڕێژیمی ئێران لە سەردەمی شەڕ لەگەڵ عێراقدا توانیی بە هۆی کاریگەری خۆی لە سەر حیزبوولڵای لوبنان کە چەند کەسی ئامریکاییان بە بارمتەگرتبوو و ڕێژیمی ئێران ئازادی کردن، لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی ئامریکا و ئیسرایل سەودا بکات و لە گەڵیان بکەوێتە بازرگانیی چەکەوە. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە ئامریکای بە دوژمنی مەزن زانیوە و بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە هەوڵ دەدات بۆ لەنێوبردنی وڵات و حکوومەتی ئیسراییل.

ئەم شێوە سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە، سەرەڕای پەسەندکرانی ئەو بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، دەبێ هەموو زلهێزان و وڵاتانی جیهان بە باشی بزانن کە ڕێژیمێکی ئاوا ئیدئۆلۆگ، هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ تاکوو بڕیاری لەم چەشنە پووچەڵ بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیی وڵاتاتێکی وەك سووریە کە بە هەموو توانایەوە و هەموو جۆرە چەکێکی سووك و قورس لە دژی دانیشتوانی وڵاتەکەی بە کار دێنێت، بدات و تۆڕی دیکتاتۆری و تیرۆریزم لە ناوچەکەدا بپارێزێت.

لەم رۆژانەی دواییدا لە ژێر گوشاری ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، حکوومەتی ناوەندیی عێراق دیسانەوە دەستی داوەتە پشکنینی ئەو فرۆکانەی ئێران کە بە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا بەرەو سووریە تێدەپەڕن و ئەمەش بۆتە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی کاربەدەستانی ئێران. ئاشکرا و روونە کە وڵاتی ئێران و رووسیە بە هەموو تواناوە پشتیوانی لە ڕێژیمی بەشارئەسەد دەکەن و کۆماری ئیسلامیش ئەم پشتیوانیە هەمەلایەنە ناشارێتەوە و هاوار دەکات و دڵێ هەموو هەوڵەکانی وەگەڕخستووە بۆ پاراستنی ڕێژیمە دەستەمۆکەی بەشارئەسەد. ڕێژیمی ئێران بۆ پاراستنی سوورییە کە دەستە خوشکیەتی، لە هەموو ئامرازەکان و یەك لەوان هەنارده کردنی چەك و هێزی مرۆیی پسپۆڕ بۆ سەرکوتی شۆڕشی گەلانی سوورییە کەڵك وەردەگرێت و هەوڵ دەدات ئەو هێڵە ترانزیتەی خۆی بپارێزیت تاکوو بتوانێت هێزە تیرۆریستیەکانی ناوچەکە رۆژ لە دوای رۆژ بەهێزتر بکات و بۆ مەبەستە نامرۆییەکانی خۆی بەکاری بێنێت.



لە ماوەی دووساڵ و چەند مانگی رابردوودا، ئەگەر یارمەتییە سەربازی و سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیمی ئێران نەبایە، بێگومان رەوتی رووداوەکان لە سوورییە بە لایەکی دیکەدا دەشکایەوە و پتر لە ٧٠ هەزار تاکی بێ تاوان نەدەبوونە قوربانیی سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕێژیمگەلێکی وەك ئێران و رووسیە و سوورییە و زیاتر لە دوو میلێون کەسیش ژیانی ئاساییان نەدەشێوا.

لە کۆتاییدا، پێویستە جارێکی دیکە لە سەر ئەم خاڵە چڕ بینەوە کە پێویستە هەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان و هەم هەموو وڵاتانی جیهان ئەم بڕیارنامەیە بە جیددی بگرن و هەوڵ بدەن هەموو ڕێگا و کەلێنەکانی دەربازبوون لە قاچاخی چەك لە لایەن وڵاتانی سەرپێچیکارەوە ببەستن و بڕیارەکەی خۆیان بە تەواوی بەڕێوە ببەن تاکوو چیدیکە مرۆڤە بێ تاوانەکان نەبنە قوربانیی سیاسەتی ئابووری، سیاسی و دیکتاتۆرانەی وڵاتانی ملهوڕی جیهان.

# سپا، لە مافیای ئابوورییەوە تا ئەندازیاریی هەڵبژاردنەکان

■ کەیهان یووسفی

٣٤ ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکێك لە بێ بەزەییترین، خوێنڕێژترین و سەرکوتکەرترین هێزە سەربازییەکانی جیهاندا تێدەپەڕێ، واتە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و بە فەرمانی خومەینی، هێزی میلیشیایی سپا پێکهات. هێزێك کە بە هۆی شەڕ لەگەڵ عێراقەدا توانیی پێگەی خۆی پتەو بکات و ببێتە باسکی سەرکوتکەری حکوومەتی ئاخوندەکان.

سپا لە سەرەتادا لە هێزێکی پارتیزانی دەچوو، بەڵام بە هۆی ڕۆڵگێڕی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و سەرکوتی دژبەران، شەڕی نێوان ئێران و عێراق و سەرکوتی خەڵکی کوردستان و هەروەها متمانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بەم هێزە، لە بڕیاردانە گەورەکانی کۆماری ئیسلامیدا و لەوانە تەناهیی وڵات و سیاسەتی دەرەکی لە ساڵەکانی شەڕدا پشکدار کرا. سپا بە هۆی ڕێژەی زۆری ژێرکۆما و لقەکانیەوە وەکوو ڕێکخراوترین و بە دیسیپلینترین هێزی نێوخۆیی ئێران بەئەژمار دێت.

لقی قودسی سپا وەکوو فاکتەری ڕێکخەر و پێکهێنەری گرووپە تیرۆریستەکان بە ئەژمار دێت کە ئەم لقەی سپا لە ماوەی ئەم ساڵانەدا توانیویەتی تیرۆرگەلێکی ئەوپەڕناوچەیی دژی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و وڵاتانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوە ببات. لەم ساڵانەی دواییدا ڕۆڵی سپا لە دەسەڵاتداریدا زۆر بەرچاوتر بووە. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە سپا دوای شەڕ و لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی ڕەفسەنجانیدا پێی نایە گۆڕەپانی ئابووری و لە دەیەی ٧٠دا بە شێوەی هەستپێنەکراو و لە دەیەی ٨٠دا بە شێوازێکی بەرچاو وەکوو ئەکتەری سەرەکی لە سیاسەت و ئیدارەی وڵاتدا خۆی دەرخست. لەم وتارەدا دوو بیاڤی چالاکی سپا لە کاروباری دەسەڵاتداری وڵاتدا تاوتوێ دەکەین، چالاکیی لە بیاڤی ئابووری وڵات و چالاکیی لە بیاڤی سیاسەت یان ڕوونتر بڵێین، ڕۆڵی دیاریکەری سپا لە هەڵبژاردنەکاندا.

## چالاکیی ئابووریی سپا

ڕۆڵی سپا وەکوو باندێکی مافیایی بەهێزی ئابووری لە ئابووریی وڵاتدا بۆ هەمووو لایەك ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام سەرمایە و بوودجەی سپا بۆ هیچکەس ڕوون نیە. دوای شەڕ و بە پێکهێنانی «قەرارگای سازەندگی خاتەمولئەنبیا»، سپا بە شێوەی فەرمی هاتە نێو گۆڕەپانی ئابووریی ئێرانەوە. «قەرارگای سازەندگیی خاتەمولئەنبیا»، کۆمپانیایەکە کە هەموو کۆمپانیا بچووکەکانی ژێرکۆمای سپا لە خۆ دەگرێت. لەمەڕ کۆمپانیا تۆمارکراوەکانی سپاوە ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نیە، بەڵام بەپێی بەراوردە سەرەتاییەکان، سپای پاسداران ٨١٢ کۆمپانیای تۆمارکراوی هەیە. ئەم کۆمپانیایانە ٧٦٥٠ گرێبەستیان لەگەڵ حکوومەت، لە بانکدارییەوە بگرە تا نەوت و پیشەسازی و ڕێگاوبان و پرۆژەگەلی دیکەی حکوومەتی بەستووە. ئەم ناوەندە لە بیاڤەکانی نەوت و گاز، دروستکردنی ڕێگاوبان، دروستکردنی تونێل، کشتوکاڵ، موخابرات (خاوەن ٥١٪ی کۆمپانیای موخابراتی وڵاتە)، بیناسازی، عەمەڵیاتی سەرپێیی بە لەیزێر، بانکداری و... چالاکی دەنوێنێ.

بەرچاوتربوونی ڕۆڵی سپا لە ئابووری و بەسەربازیکردنی ئابووری ئێراندا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کابینەکانی نۆهەم و دەیەمی سەرۆك کۆماری هەیە.

بەرنامەی ناوکی، هاتنی ئامریکا بۆ ناوچە، گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بۆ سەر ئێران، هەڵوێستەکانی ڕیفۆرمخوازان و... بەگشتی ڕێگەیان خۆش کرد بۆ حزووری بەربڵاوی سپا لە بیاڤی سیاسەت و ئابووریدا کە خامنەیش بۆ ئەم کارە چرا سەوزی بە سپا نیشان دابوو.

مانۆڕی سپا لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی تاران و هەڵسانی دوو فڕۆکەی شەڕکەری «جێت» لە سەر فڕۆکەخانەکە تەنیا بە هۆی ئەوەیکە خودی سپا لایەنێك لە ڕێککەوتنە ئابوورییەکە نەبووە، پەردەی لە سەر پاوانخوازیی سپا لە ئابووریی ئێراندا و دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوە لادا.

لە کابینەی نۆهەمدا زۆرترین ڕادەی چالاکیەکانی سپا، یان «قەرارگای سازەندگی خاتەمولئەنبیا»، لە پرۆژەکانی نەوت و گازدا تەرخان کرا، ئەو پرۆژانەی کە پێشتر لە لایەن کۆمپانیا بیانییەکان یان کۆنسرسیۆمە ئێرانی ـ بیانیەکانەوە جێبەجێ دەکرا. هەروەها بەپێی پەسندکراوێکی مەجلسی ڕێژیم، حکوومەت دەبێ هەموو ساڵێك بەشێك لە بوودجەکەی خۆی تەرخان بکات بۆ بەسیجی سازەندەگی و ئەو بوودجەیە لە ریزی گەڵاڵەیەکی سەربەخۆدا بخاتە بەردەم هێزی موقاوەمەتی بەسیج.

بەنداوای کەرخە (سد مخزنی کرخە)، شارێگای ( آزادراە) تاران ـ ساوە، توونێلی ئاویی وزەخانەی بەنداوی کاروونی ٤، چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پۆستە کۆنکرێتییەکانی ئیسکلەکانی ٨ و ٩ی بەندەری خوڕەمەشهەر ـ خووزستان، دیزاین و دروووستکردنی ئاوگیری پاڵاوگەکانی گازی ناوچەی پارسی باشوور بە زەرفیەتی ٢٥٠ هەزار میتری سێ جا لە کاتژمێرێکدا، دیزاین و نۆژەنکردنەوەی سیستمەکانی کۆنترۆڵ و پێوانی هەمارەکانی دوورگەی خارك بەشێك لەو پرۆژانەن کە لە لایەن «قەرارگای سازندگیی خاتەمولئەنبیا»وە ئەنجام دراون. سپا لە سەردەمی بەتایبەتیکردندا دەیان کارگەی بە نرخێکی هەرزان کڕی. بەشی هەناردە و هاوردەی وڵات بە شێوەیەك لە پاوانی سپادایە. سپا بەپێی بەڵگە بڵاوکراوەکان و بەتایبەت بەڵگەکانی ماڵپەڕی ویکی لیکس خاوەنی تۆڕێکی گەورە و بەربڵاو بۆ قاچاخی ماددە سڕکەرەکان بۆ ئورووپا و نێوخۆی ئێرانە. عەلی قەنبەری، نوێنەری مەجلیسی شەشەم لە سەردەمی خاتەمیدا لە بوونی ٦٠ ئیسکلەی نایاسایی لە باشووری وڵاتدا دوابوو و هەروەها وتبوویشی کە نزیك بە یەك لە سەر سێی هاوردەکانی وڵات لە ڕێگەی بازاڕە نایاساییەکانی ئابووریی ژێرزەوینی و ئیسکلە نایاساییەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

پرۆژەی ٢ میلیارد و ٩٧ میلیۆن دۆلاریی فازەکانی ١٥ و ١٦ی پارسی باشوور لە گەلاوێژی ١٣٨٥، خاوەندارێتیی ٤٦ لەسەدی پشکی کۆمپانیای بەهمەن و شەریکبوون لە بەرهەمهێنانی ماشینی مەزدا، ئیمتیازی تایبەتی گرێبەستی یەك میلیارد و ٣٠٠ میلیۆن دۆلاریی وەڕێخستنی هێڵی لوولەی گازی عەسەلووییە ـ ئێرانشهەر، پەرەپێدانی مەیدانێکی گازیی ٢,٣ میلیارد دۆلاری لە کەنداوی فارس، ڕێککەوتنی ١,٣ میلیارد دۆلاریی وەڕێخستنی لوولەی گازی نێوان ئێران و پاکستان و ... باس لە قۆرخکردنی ئابووریی ئێران لە لایەن سپاوە دەکات. ماڵپەڕی «روز آنلاین» لە ڕاپۆرتێکدا و بە پشتبەستن بە شرۆڤەکارانی ئابووری، داهاتی چالاکیەکانی سپا لە بیاڤی نایاسایی ئابووریدا، ٢ تا ١٢ میلیارد دۆلار دیاری دەکات. سپا لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی کردۆتە بانکداری و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە بانکەکانی ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر نالەباردان. بانکی «ئەنسار»، «میهر»، «تەعاونیی ئیعتباریی سامینولئەئیمە» بەستراوە بە سپای پاسدارانن و هاوکاتیش سپا لە بانکەکانی سینا (بەستراوە بە بونیادی شەهید)، دامەزراوەی ماڵی و ئیعتباریی ئاینده (بەستراوە بە بونیادی موستەزعەفان و جانبازان) بانکی پاسارگاد، دامەزراوەی ماڵی و ئیعتباریی کەوسەر خاوەن پشکە.

بەپێی وتەکانی فەرماندەی «قەرارگای سازندگیی خاتەمولئەنبیا»، ئەندازیار موزەفەری (ماڵپەڕی قەرارگاه، ٢٩,٩,١٣٩١)، ٣٥٠٠ کیلومیتر هێڵی گواستنەوەی گاز لە چوارچێوەی ٩ پرۆژەدا، ٣٠٠٠ کیلومیتر لە هێڵی گواستنەوەی ئاو لە بەنداوەکان و هەماراوەکانەوە بۆ شارەکان و گوندەکان لە چوارچێوەی ١٢ پرۆژەدا، ٢٥٠ کیلومیتر تونێلی گواستنەوەی ئاو لە چوارچێوەی ٦ پرۆژەدا، ١٦٠ کیلومیتر تونێلی مێترۆ و هێڵی ئاسن، ٢١٨٥ کیلومیتر هێڵی ئاسن لە چوارچێوەی ١٥ پرۆژەدا، ١٥٠٠ کیلومیتر ڕێگاوبانی دووساید لە چوارچێوەی ١٠ پرۆژەدا، ٢١ بەنداوی بچووك و گەورە بە قەبارەی هەمارکردنی ٣ میلیارد میتری سێ جا، دروستکردن و پەرەپێدان بە بەندەرەکان، ئیسکلەکان، پردەکان و دروستکردنی کاناڵەکانی ئاودێری و کارخانەگەلی بەرهەمهێنان لە گرینگترین پرۆژەکانن کە «قەرارگای سازندگیی خاتەمولئەنبیا» خەریکی ئەنجامدانیەتی.

پاساوی زۆربەی بەرپرسانی پلەبەرزی سپا بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە ئەوەیە کە بەشی تایبەتی توانای ئەنجامدانی نیە و هەروەها دوو فەرماندەی پێشووی قەرارگا ڕایانگەیاندبوو کە سپا پرۆژەگەلی کەمتر لە ١٠٠ میلیۆن دۆلاری وەرناگرێت. بەڵام بە چاوخشاندنێك بە ماڵپەڕی ئەم ناوەندە و بەپێی ڕاپۆرتێك کە هەواڵدەری حکوومەتیی فارس ماوەیەك لەمەوپێش بڵاوی کردەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە قەرارگا ١١ هەزار پرۆژەی بچووك و گەورەی بە ئەنجام گەیاندووە و لەوانە دروستکردنی بینای بانکێك لە یەکێك لە پارێزگاکانە کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین لە درۆبوونی بانگەشەکانی بەرپرسانی سپا تێبگەین.

## چالاکیی سپا لە ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکاندا

حزووری ئامریکا لە ناوچەدا، ئابلۆقە نێونەتەوەییەکان، هەڕەشەی سەربازیی ئامریکا و ئیسراییل و ... لە هۆکارەکانی بەهێزترکردنی پێگەی سپا بە ئەژمار دێن. دوای سەردەمی ڕیفۆرمخوزان و لە هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شار لە ساڵی ١٣٨٢دا سپا بە شێوەی ئاشکرا پێی نایە بیاڤی سیاسی.

دەستوپێوەندییەکانی سپا لەم ساڵانەدا و بە شێوەی ڕاشکاوانە لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سپا و بەسیج لە دیاریکردنی ئاراستە و ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا دواون.

لەم پێوەندییەدا دەکرێت بە سەروتاری ڕۆژنامەی «کیهان» لە ڕۆژی ٢٩ گەلاوێژی ١٣٨٧ ئاماژە بکەین کە لەوێدا هاتووە: «دامەزراوەگەلی وەك بەسیجی خوێندکاری، بەسیجی توللاب، بەسیجی مامۆستایان و حەوزەکانی شاری و ڕووستایی مقاومەتی بەسیج، بە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵی دەنگدرووستکەر لە ٣ی پووشپەڕی ٨٤ (هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماری) بە ئەژمار دێن».

ڕۆڵگێڕیی سپا لە بواری هەڵبژاردنەکاندا لە ڕێگەی دامەزراوەی «هادیان سیاسی»یەوە ئەنجام دەدرێت.

هادیان سیاسی، تۆڕێکە کە لە نێو هێزەکانی سپا و بەسیجدا ئەرکی پێناسە و شیکردنەوەی ڕێنماییەکانی وەلیی فەقیە، شیکردنەوەی پرسە سیاسییەکانی ڕۆژ بۆ کۆمەڵانی خەڵك و لێکدانەوەی دۆخی هەنووکەیی و بەرگری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و دژایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ بەلاڕێداچووەکان و دوژمنانە. ئەم تۆڕە لە هەڵبژاردنەکانی شوورای شار لە ساڵی ٨٢دا خۆی دەرخست (جرس،١٣٩١). نوێنەری وەلیی فەقیە لە سپادا ئامانجی ئەم دامەزراوەیەی، بە ڕۆڵگێڕیی کاریگەر لە بردنەسەرەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا، پێناسە دەکات.

لە هاوینی ساڵی ٨٧، ژمارەی هادیانی سیاسی گەیشتە ١٢ هەزار کەس. گرینگترین ئامانجی سپا، بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ئۆسوولگەرایانە. ڕۆڵی سپا لە هێنانەسەرکاری ئەحمەدی نژاددا بەرچاو و ڕوونە. لە خولی نۆهەمی سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نژاددا، ٢٥ هەزار کەس لە کارگێڕانی نێونجی شوێنی خۆیان بە هێزەکانی سپا دا. ١١ کەس لە فەرماندەکانی سپا و هێزی ئینتزامی و چوار کەس لە بەرپرسانی پێشووی بەندیخانەکانی وڵات لە لایەن وەزیری ناوخۆوە کرانە پارێزگار و فەرماندار. نوێنەری وەلی فەقیە لە سپا، سەعیدی، ماوەیەك لەمەوپێش ڕایگەیاندبوو کە «ئەرکی زاتیی سپا، ئەندازیاریی ئاوەزمەندانە و لۆژیکیی هەڵبژاردنەکانە». ئەم وتەیە پەرچەکرداری زۆرکەس و لەوانە ئەحمەدی نژادی بەدواوە بوو، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە. لە واقیعدا سپا بە هەبوونی ڕێکخراوترین، بەربڵاوترین و گوێڕایەڵترین و بەهێزترین تۆڕ لە وڵاتدا، هۆکاری دیاریکەری هەر هەڵبژاردنێکە و دەتوانێت ئاراستەی هەڵبژاردنەکان بۆ هەر کوێ کە ڕێبەری دەیهەوێت، ببات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو بابەتە بۆمان دەردەکەوێت کە سپا هەنووکە بە شێوەیەکی بەربڵاو یا بە واتایەکی دیکە، بە گشتی سیاسەت و ئابووریی ئێرانی بە دەستەوەیە و لە بەرەبەرەی نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرۆك کۆماریدا، قسەکردن لە هەڵبژاردنی ئازاد تا چەندە دەتوانێت گاڵتەجاڕ بێت.

## جووت حەوت

هەوراز

«حەیدەر موسلحی، وەزیری ئیتلاعات ڕێژیم گوتوویە: «تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە بەڵای گیانی دوژمنانی کۆماری ئیسلامی، بە جۆرێك کە ئەمریکا «فەیسبووك» و «توویتر»ی فیلتێر کردووە و خێرایی ئینترنێتی دابەزاندووە.»

ئێستا کە وای لێهاتووە، پێشنیار دەکەین «حەیدەر زووکربێرگ» بە ناردنی ئینترنێتی چەمەدانی، یارمەتیی خەڵکی ئەمریکا بدات کە بتوانن دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان بگەیەننە دنیای دەرەوە. شایانی باسە ئێستا لە حەوزەی عیلمیەی قوم، چۆنیەتیی کردنەوەی پەیج و بە کارهێنانی فەیسبووك و توویتر، جێگای «مەفاتیح»و «لومعە» و «بۆشکە»ی گرتۆتەوە و سپای پاسداران، پاراستنی لاپەڕەی فەیسبووکی بە کارهێنەرانی گرتۆتە ئەستۆ. لە ئەمریکاش وەك هەمیشە، ئاخوندەکان باڵیان بە سەر حکوومەتدا کێشاوە و بڕیارە بەمزوانە کۆپینی قەند و شەکر بدەن. لە پەراوێزی ئەم باسەدا خالۆ فەرەج دەڵێ: «خۆزگە درۆ وەکوو ماسی دڕکی هەبوایە».

ـــ محەممەد عەلی ڕامین، ڕاوێژکاری وەزیری ئیرشاد داوای لە خەڵك کردووە لە ڕاستبێژی و پیاوچاکیی ئەحمەدی نژاد دڵنیا بن. ئێمە کە هەرگیز گومانمان لەو باوەتە نەبووە، تەنیا لەوە دوودڵین کە ئەم پیاوچاکە هێندە عومر دەکات کە لەم متمانەیەی خەڵك کەڵك وەربگرێت، یان خۆی و مەشایی بە ڕێچکەیەکدا دەڕۆن کە بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن، ناویان لەسەر خولەکانی خوێندن بەیانی و پاشنیوەڕۆی قوتابخانەکان دابنرێت (وەکوو ڕەجایی و باهونەر)

ـ ئەحمەدی نژاد دەڵێ: ئەوانەی کە لەمپەر لە سەر ڕێگامان دروست دەکەن (خامنەیی و سپا و لاریجانییەکان)، بە خوا قەسەم، ڕەقەمێك نین بخوێنرێنەوە، من بە هۆی بەرژەوەندیی گشتی وازم لێهێناوە، دەنا بەرگەی فوویەك ناگرن».

مەحموود گیان! واز لە خۆت بێنە! دەیانهەوێ پەتت بۆ شل بکەن. سەری ئەو هەوسارە لە دەستی یەکێکی دیکەیە بەقوربان خۆت بە تێهەڵدان مەدە!!

ـــ محەممەد ڕەزانەقدی، فەرماندەی هێزی بەسیج و مشتەریی هەمیشەیی جووت حەوت، دەڵێ: «هەنووکە خەڵکی ئێران (ڕێژیم) پشتی ئەمریکای چەماندۆتەوە، دەنا ئەم کابرایە بە تەنیا خۆی هەر ٧ میدالی زێڕەکەی دەبردەوە و دەبوو بە جیهان پاڵەوان نەختی.

# شۆڤینیزم بەرەو کوێ؟

■ سەلام ئیسماعیلپوور

رۆژی شەممە ١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ، کۆنفرانسێك لە شاری باکوو، پێتەختی کۆماری ئازەربایجان لەسەر پرسی نەتەوایەتی لە ئازەربایجانی ئێران بەڕێوە چوو کە بەدەر لە چییەتی و نێوەڕۆکی باس و بابەتەکانی کۆنفرانس، دژکرداری توندئاژۆیانەی چالاکانی ناوەندگەرای ئێرانی لە هەمبەر ئەم کۆنفرانسە و هەروەها هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە هەر جۆرە باس و بابەتێکی لەم چەشنە و داخوازییە نەتەوایەتییەکان لە هەر ئاستێکدا، جێگای باس و تێرامانە.

لە چەند ساڵی رابردوودا، چالاکان و رێکخراوە سیاسییەکانی سەر بەو گوتارە کە بانگەشەی خەبات بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤیش دەکەن، کاتێك کە باسی پرسی نەتەوایەتی و پێشێلکاریی سیستماتیك و بەربڵاوی مافەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران دێتە ئاراوە، خۆیان لێ دەبێتە پزیشکێك کە بۆ چارەسەری دەردی نەخۆشەکە جاربەجار دەبێ بە خشکەیی حەبێکی دێموکراسی یان مافی هاووڵاتیبوون دەرخواردی بدەن. لە باوەڕی ئەم کەسانەدا دێموکراسی و رێزگرتن لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکان تا ئەو جێگایەی بڕ دەکات کە نەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر هەڵاواردنی سیستماتیکی بنجداکوتاو لە سیاسەت و حکوومەتی ئێراندا کە لە روانگەی ئەوانەوە دوایین مەتەریزی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێرانە.

باوەڕ بە «تیۆریی پیلان» و کۆدەنگیی نێونەتەوەیی بۆ پارچەپارچە کردنی ئێران ئەگەرچی لە راستیدا رەنگدانەوەی دانپێدانانی پەنانەکی و رانەگەیەندراوی ئەوان بە قووڵایی کەلێن و لێکدابڕاویی کۆمەڵگای ئێران بە هۆی هەڵاواردنە لەمێژینە و بنەڕەتییەکان بەرانبەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانە، بەڵام لە دەربڕینی ئەم راستییەدا ناچاریان دەکات بە داتاشینی داهۆڵێك لە ژێر ناوی «هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران» خۆیان لە راستییەکان بدزنەوە. ئەمانە لە لایەکەوە بوونی ستەمی نەتەوایەتی یان ئێتنیکی لە ئێراندا بە بانگەشەیەکی خەیاڵاوی و بێبنەما لە قەڵەم دەدەن و لە لایەکی دیکەوە، لە بەرانبەر هەر دانیشتن و هەر بەیاننامە و هەر هەنگاوێکی پێوەندیدار بە چارەسەری پرسی نەتەوەکانی ژێر چەپۆکی ئاپارتاید لە ئێراندا، خۆیان گرژ دەکەنەوە و لە چالاکێکی مافی مرۆڤ، رووناکبیرێکی دێموکرات یان خەباتگێڕێکی دژە دیکتاتۆرییەوە دەبنە ژەنەراڵێکی کەللەڕەقی توندوتیژ.

کاتێك کە باس لە ستەمی نەتەوایەتی دێتە ئاراوە، وا دەنووسن و وا باس دەکەن کە دەڵێی ستەمی نەتەوەیی و هەڵاواردنی رەگەزی، ئایینی و فەرهەنگی لە مێژووی ئێراندا نەبووە و تەنانەت لە رێژیمەکانی شاهەنشاهی و کۆماری ئیسلامیشدا هەرگیز جێگای نەبووە. میراتگرانی ئەو فەرهەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە مێژینەیە کە بە درێژایی سەدەکان بۆتە هۆی سووکایەتی پێکردن و کۆیلایەتی و مەرگ و بندەستیی جوولەکەکان، زەردەشتییەکان، مەسیحییەکان، قرمەتییەکان، باتنییەکان، مۆشەعشەعییەکان، ئیزەدییەکان، شوێنکەوتووانی ئایینی یاری و تەنانەت ئایینزا جۆراوجۆرە ئیسلامییەکانیش و لە کوژراوەکانیان گۆمەزە و لە کەللەکانیان مەنارە و لە کاسەی سەریان جامی شەرابی دروست کردووە و گۆڕستانی مردووەکانیشی شەقڵ کردوون و خۆی گوتەنی «باوکی سووتاندوون»، هاوسەنگەرانی ئەمڕۆی سیستمی سەرکوت و ئاپارتایدی نەتەوەیی و ئایینیی زاڵ بە سەر ئێران لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدان کە کراسی جفرسۆن و رۆسۆ و ئێستوارت میل لە بەر دەکەن، بەڵام قوربانییە هەمیشەییەکانی شۆڤینیزمی مەزنیخوازی خۆیان بە «شەڕخواز، ئاژاوەگێڕ، تێرۆریست، داردەستی بێگانە» و لە هەموویان سەیرتر بە «رەگەزپەرەست و نەتەوەپەرەست» ناو دەبەن. ئەوان کە فێربوونی زمانی دایکیی خۆیان بە ئەرك و شانازییەك بۆ گەلانی دیکە لە قەڵەم دەدەن و هەر جۆرە باسێك لەم پێوەندییەدا بە کفر و لادان ئەژمار دەکەن، باسکردنی تورکەکانی ئازەربایجان لە زمانی دایکیی خۆیان لە یارییەکانی تیمی تراکتۆرسازیی تەورێزدا بە نموونەی خەیانەت و نیشتمانفرۆشی دەزانن و سەیرتر ئەوەیە کە نەتەوەخوازانی ئازەربایجانی بە فاشیست و رەگەزپەرەست ناو دەبەن، لە حاڵێکدا کە پیرۆزکردن و پێداهەڵگوتنی ستوونەکانی تەختی جەمشید و مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵای ئیسفەهان بە هێمای ئازادیخوازی و خۆشەویستیی خەڵك و نیشتمان دەزانن.

راستبێژیی ئەمجۆرە کەسانە تا ئەو جێگایەیە کە چاوپۆشی لە تاوانەکانی چەندین دەیە دەسەڵاتی سەرەنێزە و باروت و خوێن لە ئازەربایجان و کوردستان و بەلووچستان و ئەحواز دەکەن و دەنووسن: «جیاییخوازی و دابڕان لە وڵاتێکی هەزاران ساڵەدا، شەڕی براکوژیی لێ دەکەوێتەوە». ئەمە بە واتای خستنی تاوانی هەموو براکوژییەکانی رابردوو لە ئەستۆی کوردەکان، بەلووچەکان، تورکەکان و گەلانی ستەملێکراوی دیکەی بەندکراو لە جوغرافیای بە خوێن و ئاگر برژاوی ئێراندایە. مەبەستی ئەمانە لە جیاییخوازی، هەڵبەت تەنیا هزر و کردەوەی سەربەخۆییخوازی نییە، بەڵکوو هەرجۆرە دەربڕین، بیرکردنەوە و کرداری ئازادانە و دێموکراتیکی خەڵك و چالاکانی بواری مافی نەتەوەکانیش دەگرێتەوە کە لەخۆگری رەتکردنەوەی گوتاری خۆبەزلزان و زاڵخوازی شۆڤینیزمی سەردەست و ژێردەست بێت. بە واتایەکی دیکە، لەم روانگەیەوە، تەنانەت دەربڕین و نووسین و بیرکردنەوەی تورکێکی ئازەری بە زمانی دایکیی خۆی، وەکوو نامەی بانگهێشتکردن بۆ شەڕی براکوژی و زەماوەندی خوێن چاوی لێ دەکرێت و داخوازیی خۆبەڕێوەبردنی ناوچەیی و فیدرالیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی تاوانێکە کە جێگای لێخۆشبوون نییە و تاقە رێگای پێشگرتن بەو تاوانەش تەنیا دەتوانێ سازان لەگەڵ دیکتاتۆری و ئاپارتاید بێت و دیکتاتۆریی رەشی ئاخوندەکان بە هەموو رواڵەتی قیزەونی خۆیەوە، دوایین رێژیمی سیاسیی پارێزەری یەکپارچەیی خاکی ئێرانە. کەوابوو، بەو پێیە کە یەکپارچەیی ئێران، لە روانگەی ئەوانەوە هەمیشە و لە هەر هەلومەرجێکدا لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی گرینگتر و پڕبایەخترە، زۆر ئاساییە کە لە هەلومەرجە هەستیارە مێژووییەکان و هەڵدێرەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی و ئەوان گوتەنی «مەترسیی پارچەپارچەبوونی ئێران»دا، پشتیوانی لە رێژیم بکەن و لە ژێر دروشمی «دژایەتی لەگەڵ شەڕ» و «بزووتنەوەی دژە توندوتیژی»دا هێرش بکەنە سەر رێکخراوەکان و چالاکانی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕانی راستەقینەی بزووتنەوەی دێموکراتیکی نەتەوەکانی ئێران و شەرمی بەستراوەیی خوازراو یان نەخوازراوی خۆیان بە سناریۆکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی رێژیم، لە ژێر دەمامکی دێموکراسی و مرۆڤتەوەریدا بشارنەوە.

شۆڤینیزمی ناوەندگەرا نەك هەر هیچ مافێك بۆ تورکەکانی ئازەربایجان بە رەوا نابینێت، بەڵکوو کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجانیش کە وڵاتێکی ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بە «ئازەربایجانی ساختەکراو» ناو دەبات و هێشتا لە خولیای گەڕانەوەی «تفلیس» و «ئەران» بۆ سەر خاکی ئێران و بەسەرچوونی وادەی رێککەوتننامەکانی «گولستان و تورکەمانچای»دا گێژ دەخوات و دەسووڕێتەوە.

ئەم گوتارە دەڵێت کە «ئەران» یان کۆماری ئازەربایجان، بەشێکی دانەبڕاوی دایکی نیشتمان، واتە ئێرانە و تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتەش پێیان خۆشە بخرێنەوە سەر ئێران. ئەمە بەو واتایەیە کە لە باوەڕی ئەم کەسانەدا، بەندەکانی رێککەوتننامەیەکی کۆن و بە وتەی خۆیان «پڕشەرم و شوورەیی» لە ئیرادەی ئەمڕۆی خەڵکی کۆماری ئازەربایجان کە چارەنووسی خۆیان دیاری کردووە، گرینگترە.

بێ گومان، چاوەڕوانیی تێگەیشتن لە پرسی کوردستان، ئازەربایجان، ئەحواز، بەلووچستان و تورکمەنستانی ئێران لە لایەن کەسانێکەوە کە هێشتا خۆیان بە کوێخا و خاوەنی گیان و ماڵ و چارەنووسی خەڵکی وڵاتێکی سەربەخۆی دەرەکی دەزانن، چاوەڕوانییەکی ئاوەزمەندانە نییە، بەڵام ئەمجۆرە هەوڵانەی ئەوانیش لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران رێگای خۆیان دۆزیوەتەوە و بە خەباتی شانبەشان و هاوبەشی خۆیان، رێگای رزگاری لە ستەمی نەتەوەییان گرتۆتە بەر، بە هیچ ئاکامێك ناگات و شۆڤینیزمی کۆنەپەرەست بەم سەر لە دیوار کوتانە، تەنیا دەبێتە هۆی دۆڕان و تەریککەوتنی هەرچی زیاتری خۆی، چوونکە داهاتوو هیی نەتەوەکانە و شۆڤینیزم مەحکووم بە دۆڕانە.

# کۆبونەوەی ئاڵماتی و قەیرانی ئەتۆمی

■ موعتەسەم نوورانی

دوانیوەڕۆی رۆژی شەممە ١٧ی خاکەلیوە، وتووێژی نێوان نوێنەرانی ئێران و وڵاتانی ١+٥ لەمەڕ بەرنامەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی، لە شاری ئاڵماتیی قەزاقستان بێدەسکەوت و بێئاکام کۆتایی هات بێ ئەوەی کات و شوێن بۆ کۆبونەوەی داهاتوو دیاری بکەن. لەگەڵ ئەوەش خانمی کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوورووپا و بەڕێوەبەری دەستەی نوێنەرایەتیی وڵاتانی خاوەن بڕیاری جیهان، دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە رایگەیاند کە بۆچوونەکانی هەردووك لای بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر جیاوازن.

سەعید جەلیلی، سەرپەرشتی دەستەی نوێنەرانی ئێران لە وتووێژی ئاڵماتی، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەکاندا راستەوخۆ گرووپی ١+٥ی لە سەرنەکەوتنی ئەو وتووێژانەدا تاوانبار کرد. هەروەها وتی دەوڵەتە خاوەن دەسەڵاتەکان، دەبێ لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا خۆیان بە بەرپرس بزانن و بە شێوەیکی درووست هەڵسووکەوت بکەن و خەڵکی ئێران دڵنیا بکەنەوە کە دەیانەوێ کێشەکان چارەسەر بکەن. چەند سەعات دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە، ماڵپەڕی بازتاب شکستی کۆبوونووەکەی راگەیاند و دەوڵەتی ئێرانی بە تاوانبار ناساند چونکە لەو وەزعە خراپەی ئابووری ئێران لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی بە دەرمان و خواردەمەنی و کەرەستەی خاو هەیە بۆ وەگەڕخستنەوەی چەرخی کارگەکان. بەڵام ئێران داوای کردووە کە گەمارۆی چەك و چۆلی لەسەر لابەرن.

ویلیام هیگ وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا وتی: «وتووێژی دوور و درێژ لەسەر زۆر پرسی گرینگ ئەنجام درا، بەڵام بە ئاکام نەگەیشتین، بۆشاییەکی قووڵ لە نێوان ئێمە و ئێراندا هەیە. کێشەی ئەتۆمیی ئێران لەوە قووڵترە کە لە رێگای دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام ئێرانمان خستووەتە ژێر چاوەدێری و گەمارۆی توندی ئابووری و بە وردی چاو لە کردەوەی ئەو وڵاتە دەکەین، تا بزانین هەروا لاساری دەکا و لە بەرانبەر کۆمەڵگای جیهانیدا بەربەرەکانی دەکات، ئەوکات لەگەڵ گەمارۆی توندتر و گووشاری زیاتری کۆمەڵگای جیهانی رووبەڕوو دەبێتەوە، تا دێتە سەر رێگای راست و وتووێژی راستەقینە قبووڵ بکات. ئەگەر نا چارەسەری کۆتایی گورزی سەربازییە.

دیارە ئێران هەتا ئێستاش بە خۆدزینەوە لە وەڵامی ئەرێنی و نەرێنی ویستوویە کات بکرێت. چونکە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لانیکەم زیاتر لەوە گەمارۆی دیکەیان نەخەنە سەر. هەرجارێ بەشێوەیەك خۆیان قوتار دەکەن. لە راستیدا نەك نایهەوێ پیتاندنی ئۆرانیۆم رابگرێ بەڵکوو ئۆرانیۆمی ٢٠٪ی و زیاتر لە ٢٠٪ی دەپاڵێوێ، هەرکات بۆی بکرێ بۆمبی ئەتۆم درووست دەکا. هەتا ئێستا پیتاندنی ئۆرانیۆمی نەگەیشتوەتە ئەو رادەیە کە بۆمب دروست بکا. بێگومان هەرکات رێژەی ئۆرانیۆمی گەیشتە ئەو رادەیە، درووستی دەکات. ئەوەش مەترسیی گەورەیە لەسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەر لە سەرەتای دانیشتنەکاندا وڵاتانی خاوەن بڕیار داوایان لە ئێران کردووە کە پیتاندنی ئۆرانیۆم رابگرێ و گوێڕایەڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێ، بەڵام ئێران ئامادە نیە کە دوو ویستی سەرکیی وڵاتانی رۆژاوایی لەبەرچاو بگرێ، واتا ئەو ئۆرانیۆمە پاڵێوراوە ٢٠٪ییەی خۆی بنێرێتە دەرەوە و دامەزراوەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆمی فۆردۆ رابگرێ. تاران بە بەردەوامی پێداگرە لەسەر ئەوە کە مافی پیتاندنی ئۆرانیۆمی لە هەموو بوارەکاندا بۆ بە فەرمی بناسن، چونکە کاربەدەستانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی دەڵێن کە پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێران بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەیە و بۆ کاروباری پزیشکییە، بەڵام نەیانتوانیوە راستیی ئەم وتەیە بسەلمێنن.

بە دوای سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەی دووهەمی ئاڵماتی، ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوا گەمارۆی زۆر توندتر دەخەنەسەر ئێران. هەر ئێستا کۆنگرەی ئەمریکا دیهەوێ گەمارۆیەکی زۆر قورسی دیکە بخاتە سەر ئێران. بەگوێرەی ئەو گەمارۆ نوێیە ئێران زیاتر ئەکەوێتە ژێر گوشار، بەشێکی زۆر لە داهاتی نەوت و گازی خۆی لە دەست دەدات، هەر لە چەند رۆژی رابردوودا نرخی دراوی ئێران بە رادەی بەرچاو دابەزیوە کە بەو هۆیەوە داودەرمان و کەلوپەل و خواردەمەنی رۆژ لە دوای رۆژ گرانتر دەبێت و ژیانی خەڵکی بێدەرەتان پتر دەکەوێتە تەنگانە. بە گوێرەی راپۆرتی ئاسۆشیتدپرێس گەلاڵەی نوێی ئامریکا سوورە لەسەر ئەوە کە ئەگەر وتووێژەکان بەردەوام بن، رەنگە ناوی کۆمپانیە ئێرانییەکان لە لیستی گەمارۆ ئابوورییەکان بێتەدەر، بە مەرجێك ئێران بە کردەوە بۆ وەدیهێنانی مافی مرۆڤ، بەتایبەت مافی ژنان و زیندانیانی سیاسی هەنگاو هەڵێنێتەوە.

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوە، رۆژنامەی واشینگتۆن تایمز رایگەیاند: «کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای کۆبوونەوەی ئاڵماتی بەشێوەیك بێ حورمەتیی بە وڵاتانی ١+٥ کرد ئەویش دوو پرۆژەی سەرەکی و پێوەندیدار بە پرۆسەی ئەتۆمی بوو کە دەستی پێکرد.

بە گوێرەی راپۆرتی میدیاکانی ئێران، ئەو وڵاتە دوو چالاکیی گەورەی لە «ساغەند» و «ئەردەکان» دەست پێکردووە. رۆژنامەی ئاسۆشیتدپرێس وتی کە ئەو دوو پرۆژەیە گەورەترین چالاکیی ئۆرانیۆمی ئێران دەردەخات کە پرۆژەی ساغەند کانگایکی ئۆرانیۆمە و ئەردەکانیش کانگایکی بەرهەمهێنەری کانزای خاوی خەستە کە لەمێژە ئێران ئامادەکاریی بۆ کردون، بەڵام هەموو دامەزراوەکانیتری لە دامەزراوەی ساغەند و ئەردەکان چوکترن. رۆژئاوا دەترسێ ئەوانە توانای زیاتر بدەن بە ئێران، بۆ دروستکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پیتاندنی سوتەمەنی ئەتۆمی، کە لە کۆتاییدا کلاوەی ئەتۆمی لە ئاستێکی بەرزدا دروست بکا.

لە لایکی دیکە و قەیرانی نیمچە دوورگەی کووریا قووڵتر دەبێتەوە و بووەتە مەترسی لە سەر ئەمنیەتی جیهان، لە لایك گرژیی نێوان ئامریکا و کورەی باکوور و لە لایکی دیکەوە کێشەی نێوان دوو کورە مەترسیی گەورەی پێك هێناوە، تەنانەت کورەی باکوور هەڕەشەی لە ئامریکا و هاوپەیمانانی ئامریکا کرد کە ئەگەر گەیشتە ئەو رادەیە بۆمبی ئەتۆم بەکار دێنێ، هەروەها رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیە واز لە ناوکی بوونی خۆی بێنێت، سێناتۆر جان مەکەین کە کۆماریخوازێکی ئاریزۆنایە و سەربازێکی شەڕی ویەتنامە و کەسێکی کۆنەکارە، بە رۆژنامەی واشینگتۆن تایمزی راگەیاند: «ئەو هەوڵانە تەنیا بۆ بەفیڕۆدانی کاتە، هەرکەس پێی وایە لە رێگای دیپلۆماسییەوە دەکرێ لەگەڵ کۆمەڵێکی شێتی کورەی باکوور کێشەکان چارەسەر بکرێ، لە هەڵەدایە، تاکە رێگا تەنیا رێگەی سەربازییە».

لە راستیدا هەروەك جۆرج بووش وتی، ئێران و کورەی باکوور و سووریە، مەترسین بۆ سەر ئەمنییەتی جیهان چونکە هەر ئێستا ئێران بە تەواوی لەگەڵ کورە هاوکاریی هەیە، بە گوێرەی راپۆرتی واشینگتۆن پۆست، ئێران و کورەی باکوور بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم هاوکاریی یەکتر دەکەن.

سەرچاوە:

www.washingtontimes.com
www.reuters.com

# سووریە و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی

■ عارف وەڵزی

سووریە یەکێك لەو وڵاتانەیە کە لە درێژەی رەوتی بەهاری عەرەبی لە ناوچەکە و بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و قەتیس کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی شیعەی عەلەوی کە تەنیا١٣٪ لە دانیشتوانی ٢٢ ملیونیی وڵاتەکەیان پێکدێنن، خەڵکەکەی رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان دایە راپەڕینێکی جەماوەری. راپەڕینێك کە دووهەمین ساڵی خۆی تێپەڕاندووە و بەداخەوە جیا لە وێرانیی سووریە لە بواری ئاوەدانیەوە، تاکوو ئیستا زیاتر لە ٧٠هەزار کوژراو و نزیك بە یەك ملیۆن و نیو ئاوارەی لێکەوتۆتەوە. هەر بۆیە شارەزایان ئەو قەیرانەی سووریە و تێچووییەکەی وەك گەورەترین کارەساتی مرۆیی لە سەدەی بیستوویەکەمدا پێناسە دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمانهەوێت بە کورتی باسی لەسەر بکەین، دەستێوەردانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری نێوخۆی سووریە بە مەبەستی هێشتنەوەی بەشار ئەسەدی هاوپەیمانی، لە لووتکەی هێرەمی دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەدایە.

ئەگەر بێین و لاپەڕەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر سووریە لە دوو ساڵی رابردوودا هەڵدەینەوە، زۆر بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی لە بواری ماڵی، چەك و تەقەمەنییەوە بە تەواوی پشتیوانی لە حکومەتی سووریە دەکات و ئەو یارمەتییانەش رۆژ بە رۆژ بەرەو زێدەبوون دەڕۆن، بە جۆرێك کە جیا لە لێدوانە فەرمی و نافەرمیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە لەمەڕ بوونی راستە خۆی دەستی کۆماری ئیسلامی لە پشت سەرکوتی سەرهەڵدانەکانی خەڵکی راپەڕیوی سووریە و هەروەها بە بوونی ئەو هەموو وێنە، گرتەی ڤیدیۆیی، بەڵگە و دێکیۆمێنتانەی کە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بونەتەوە، دەبینین کە گەورە بەرپرسانی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت بەرپرسانی سوپای قودس کە لقی دەرەوەی سپای پاسدارانە، وەك سەرتیپ حەسەن شاتری لە نێو سووریە و لە نزیك دیمەشق بە دەستی شۆڕشگێڕەکان کوژرا، یان بە دەیان کەسیتر لە بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە شوێنە جیاجیاکانی سووریە لە لایەن ئەرتەشی ئازادەوە و لەکاتی شەڕکردن لە دژی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی ئەو وڵاتە دەستبەسەر کراون و پاشان دانیان بە پشتیوانیکردنی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی لە حکومەتی بەشار ئەسەددا ناوە.

دیارە کۆماری ئیسلامی جگە لە دەستیوەردانی راستەوخۆ و ئیستراتژیك لە کاروباری نێوخۆی سووریە لە دوو ساڵی رابردوودا، لە رێگای هاندان و تەیار کردنی هەمەجۆرەی حیزبوڵڵای لوبنان و جیش المهدیی عێراق و بەگشتی شیعەکانی ناوچەکە، دووبارە و بە جۆرێکیتر لە رژاندنی خوێنی خەڵکی سووریەدا رۆڵێکی بەرچاوی بینیوە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەنگاوێکی تازەدا بۆ دەستێوەردان و سەرکوتی شۆڕشگێڕانی سووریە و هەروەها لە بەرانبەر دەستکەوتە یەك لە دوای یەکەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەوڵەتی کاتیی ئەو وڵاتە، بە کردەوە و بە گۆڕینی شێوەی پشتیوانییەکانی لەو سیستەمە داخراوە نیگەرانیی خۆی نیشان دا. بەشێوەیەك کە چەند رۆژ پێش میدیا جیهانییەکان هەواڵی دامەزراندنی لەشکرێکیان بە ناوی لەشکری ئەبوالفەزلی عەباس لە لایەن سوپای قودسەوە بڵاو کردەوە کە لە گرووپە شیعە چەکدارەکانی عێراق، حیزبوڵڵای لوبنان، هێزەکانی سوپای پاسداران و بەسیج و هەندێك چەکداری شیعەی پاکستان و ئەفغانستان پێکهاتووە. چەکدارانی ئەم هێزە دوای بینینی خولەکانی راهینانی تایبەت بە شەڕ لە خاکی عێراق و نێوخۆی سووریە، دەڕۆنە نێو پرۆسەی سەرکوتی بەرهەڵستکارانی حکومەتی بەشارئەسەد.

هەرچەند لە سەرەتادا راگەیەندرا کە سوپای ئەبولفەزلی عەباس بە مەبەستی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە سووریەدا دامەزراوە، بەڵام دواتر ئەم گومانە لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی ئەم وڵاتەوە پشتراست کرایەوە کە لەشکری ئەبولفەزلی عەباس نەك بۆ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان دانەمەزراوە، بەڵکوو لە ناوچەکانی «القابون، حجرالاسود و حی التچامن» شانبەشانی هێزەکانی ئەسەد دەستیان داوەتە شەڕ دژی ئۆپۆزسیۆنی سووریە. ئەمە لە کاتێکدایە کە سوپای قودس بۆ کارئاسانی و هەروەها بۆ رەواییدان بەدەستێوەردان و کوشتاری خەڵکی ئەو وڵاتە، حوکمی فتوای لە ئەحمەد حسوی، موفتی دەرباری ئەسەد بە دژی خۆپێشاندەران و خەڵکی ناڕازی وەرگرت و بەم شێوەیە رژاندنی خوێنی خەڵکی سووریەی حەلاڵ و شەڕ لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریەی وەك ئەرکێکی شەرعی و ئیسلامی پیناسە کرد.

بەڵام ئەوەی کە دڵخۆشکەرە، ئەوەیە کە سەرەڕای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و هاوبیرانی بۆ بە چۆکداهێنانی ئەو بزاڤە مافخوازانەیەی گەلانی سووریە، ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە چ لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و لە ناوەندە جیهانی و ناوچەییەکان، چالاك و خاوەن پشتیوانیی باشی وڵاتانی ناوچەن، هەر بۆیە بە فەرمی وەك نوێنەری گەلانی سووریە لە کۆمکاری عەرەبیدا وەرگیران و توانییان حکومەتی کاتی لەو وڵاتەدا دابمەزرێنن و چ لە سەر ئاستی نێوخۆی سوریە و لە بواری نیزامییەوە رۆژ بە رۆژ سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست دێنن و شار بە شار و گوند بە گوند و ناوچە جۆراوجۆرەکانی خۆیان لە ئەرتەشی حکوومەتی بەعس خاوێن دەکەنەوە.

ئەوەی کە نابێ کۆمەڵگای جیهانی و بەتایبەتی گەلانی سووریە لە بیری بکەن ئەویە کە سەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئەوی کە شانبەشانی هێزەکانی ئەسەد بە سەدان تراژیدیا و جینایەتی مرۆڤ هەژێنیان لە سووریەدا خوڵقاندوە، دەبێ لە دوارۆژدا لە دادگای نێونەتەوەیی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی، موحاکمە بکرێن و بەسزای کارو کردەوەی خۆیان بگەن.

# رۆژی جیهانی بێهداشت و کێشەکانی لەشساغی لە ئێراندا


■ شەماڵ تەرغیبی

رێکەوتی ٧ی ئاوریلی ١٩٤٨ی زایینی لە نیویۆرك، یەکەمین بەرنامە و پرۆگرامی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەشساغی (بهداشت) لە لایەن رێکخراوی جیهانیی بێهداشتەوە ئامادەکرا. لە ژوئەنی هەمان ساڵیشدا یەکەمین کۆڕی گشتیی رێکخراوی جیهانیی بێهداشت لە ژنێڤ بە بەشداریی نوێنەرانی ٦١ وڵاتی جیهان پێکهات. لەو رێکەوتە بەدواوە هەموو ساڵێك ٧ی ئاوریل بەرانبەر لەگەڵ ١٨ی خاکەلێوە وەك رۆژی جیهانیی لەشساغی یاد دەکرێتەوە.

کاتێك باس لە لەشساغی دەکرێ ٢ بیاڤی سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێ، یەکەم بیاڤی گشتی و دووهەم بیاڤی تاکەکەسی. بیاڤی گشتی بە مانای لایەنی بێهداشتی گشتیی کۆمەڵگا و شوێنە گشتیەکان وەك دامەزراوە حکومەتییەکان، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان و هتد... بیاڤی تاکەکەسی کە ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە بیاڤی یەکەمەوە هەیە و بریتییە لە سلامەتی و لەشساغیی تاکەکانی کۆمەڵگا.

لە ئێرانیشدا پرسی خزمەتگوزارییە بێهداشتییەکان یەکێك لەو پرسانەیە کە لەنێو یاسا و رێساکاندا باسی لێوە کراوە، بەڵام وەك زۆر خاڵی یاسایی دیکە لە پەراوێز خراوە و وەك پێویست گرنگیی پێ نەدراوە. بۆ نموونە لە فەسڵی ٢٥ی یاسای بەرنامەی سێهەمی گەشە پێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵات، لە ٣ مادەی ١٩٢ و ١٩٤ و ١٩٧ لە چەندین بەنددا باسی کۆمەڵگا و لایەنەکان کراوە. بەڵام هەروەك هێمای پێکرا، وەك زۆر خاڵ و مادەی یاسایی دیکە پشت گوێ خراوە. لە مادەی ١٩٧دا هاتووە: ئەرکی سەرشانی وەزارەتی بێهداشتە کە بۆ بەبنەما کردنی ئەمنیەتی خۆراك بە مەبەستی باشتر کردنی خۆراکی خەڵك و کەمکردنەوەی نەخۆشیەکانی بەدخۆراکی (سوءتغذیە) بەرنامەڕێژی بکات و هەنگاوی پێویست هەڵبگرێت. ئەمەش بریتی دەبێت لە دیاریکردنی پێکهاتەی گونجاوی ئەمنیتی خۆراکی لە ئاستی گشتیی وڵات، بردنەسەری ئاستی زانیاریی خەڵك سەبارەت بە لەشساغی، دانی سوبسیتی پێویست بە خەڵکی کەمداهات و فێرکاریی بێ بەرانبەر لەمەڕ لەشساغی. بەڵام ئەم یاساو رێسایانە لە حاڵێکدا دادەنرێت کە بەپێی ئامارێك کە رێکخراوی «بێهزیستی»ی رژیم بڵاوی کردوەتەوە لانیکەم ٨٠٠ هەزار منداڵ لە ئێراندا تووشی بەدخۆراکی بوون و «پاڵ هاڵ هاف» نوێنەری سندوقی منداڵانی نەتەوەیەکگرتوەکانیش رایگەیاندووە: پێوەری «بەدخۆراکیی مەترسیدار» لە ئێراندا گەییشوەتە ئەو پەڕی خۆی. هەر لەمبارەشەوە رۆژنامەی «قانوون» لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی ١٠ مانگی یەکەمی ساڵی ٩١ لانیکەم ٤٠ هەزار کەس تەنیا لە شاری تاران بە هۆی بەدخۆراکی گیانیان لە دەست داوە و لەماوە ١٩ رۆژی یەکەمی ساڵی ٩٢شدا ١٩ کەس هەر بەم هۆیەوە کۆچی دواییان کردووە.

هاوکات لەگەڵ ئەم ئامارانە، وەزیری بێهداشت و دەرمانی رژیم، محەممەدرەزا تەریقەت رایگەیاندووە کە لە ساڵی نوێدا نرخی دەرمان دوو قات زیاد دەکات. ئەمەش بە هۆی دیارینەکردنی ئەرزی پێویستە بۆ هاوردەکردنی دەرمان و ماددەی خاو بۆ سازکردنی دەرمان. بەپێی ئامارەکان خەڵکی ئێران بە پێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهان دەبێ لانیکەم ٧٠٪ تێچوویی دەرمانەکان بۆخۆیان دابینی بکەن. ئەم راستیەش سەلمێنەری ئەوەیە کە پرسی بێ بەرانبەر بوونی تێچوویی دەرمانەکان،




وەك لە یاساکانی رێژیمدا باس کراوە پرسێکی بێ نێوەڕۆکە.

لووتکەی ئەم تراژێدیایە کاتێك دەردەکەوێت کە ئاوڕ لە بازاڕی رەشی فروشتنی گورچیلە لە ئێراندا دەدەینەوە. بە پێی راپۆرتی ئاژانسی کوردپا، کڕین و فرۆشتنی گورچیلە لە بازاری رەشی کرماشان لەگەڵ نرخی زێڕ بەرز و نزم دەبێتەوە و هەندێکجار نرخەکەی دەگاتە ٤٥ میلیۆن تمەن.

پێشتریش لە رێکەوتی ١٥ی پووشپەڕی ساڵی ٩١دا، مەرزیە وەحید دەستجێردی وەزیری پێشووی بێهداشتی رێژیم بە رۆژنامەی «خوراسان»ی راگەیاندبوو کە هەڵاوسان لە بیاڤی سلامەت و دەرمان سنووری ٥٠٪ی تێپەڕاندووە و بە شێوەی مامناوەندی لە ساڵدا ٧/٤٪ی کەسانێك کە پێویستیان بە خزمەتگوزاریی دەرمانی هەیە، بۆ ژێر هێڵی هەژاری دادەبەزێن. بە پێی ئامارێکیش کە «گۆڕستانی بەهەشت زەهرا»ی تاران ئاشکرای کردووە: لە ماوەی ٧ مانگی یەکەمی ساڵی ٩٠دا، ٢٨٥٦٣ کەس لە شاری تاران کۆچی دواییان کردووە کە تەنیا ١٥ کەسیان بەمەرگی سروشتی گیانیان لەدەستداوە کەسانی دیکە بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵ، شێرپەنجە، پیسیی ئاو و هەوا، بەدخۆراکی و کێشەو ئاریشەی رەوانی و دەرمانیەکان تووشی مردنی لەناکاو بوون.

بە کورتی، لە ئێستادا کۆمەڵگای ئێران بەرەوڕووی دۆخێك بۆتەوە کە وەك سەرۆکی کۆمیسیونی بێهداشتی مەجلیسی رژیم دانی پێداناوە چیدیکە توێژی مامناوەندیی تێدا بەدی ناکرێت. خەڵك لە ئێراندا یان هەژارن یان دەوڵەمەند. ئەمەش وای کردووە کە لە باری دەروونییەوە تەندروستیی کۆمەڵگا کەوتوەتە مەترسیەوە، مەترسییەك کە زیاتر لە ٧٠٪ی دانیشتوانی وڵاتی خستوەتە ژێر کاریگەری خۆی.

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زەلکاوەی کە کۆماری ئیسلامی پێکیهێناوە، ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە رووداوێکی سرووشتیی وەك بوومەلەرزەیەکی بەهێز رووبدات و کارەساتێکی مرۆیی لێبکەوێتەوە، چارەنووسی ئەو خەڵکانەی کە بەرەورووی دەبنەوە بەرەو چ ئاقارێکدا دەڕوات؟

ئەگەر وەها گریمانە بکەین ئەو بوومەلەرزەیەی کە ٢٠ی مانگی خاکەلێوە پارێزگای بووشەهری گرتەوە بە دەرەجەی ریشتری سەرووی ٨ ریشتەر بنکە ناوەکیەکانی بووشێهری بگرتایەتەوە، چ قەیرانێکی مرۆیی و ژینگەیی ئێران و ناوچەکەشی دەگرتەوە؟

ئایا کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا توانای کۆنترۆڵکردنی رووداوێکی لەو چەشنەی هەیە؟

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 603 ▪ 20 Apr 2013

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن منداڵ کێشەی کورتەباڵاییان هەیە



سندووقی چاودێریی منداڵ سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان گوتی زیاتر لە چارەکێکی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵ، بە هۆی بەدخۆراکی تووشی نەخۆشیی کورتەباڵایی بوون و ئەوەش کێشەی جەستەیی و عەقڵییان بۆ دروست دەکات.

ڕاپۆرتێکی ئەو سندووقە ئاشکرای کردووە پێدانی ڤیتامین و ئاوی خاوێنی خواردنەوە و شیردانی سرووشتی دەتوانێ یارمەتی ١٦٥ میلیۆن منداڵ بدات بۆ ئەوەی بگەنە دۆخی گەشەی عەقڵی و جەستەیی بە ئاستی پێویست.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ ٢٤ دەوڵەت بەدەست کێشەکانی کورتەباڵاییەوە دەناڵێنن کە زۆرینەیان دەکەونە ناوچەی بیابانی ئەفەریقا و باشووری ئاسیا. هەروەها ڕوونی کردووەتەوە کە نیوەی منداڵانی تەیمۆری ڕۆژهەڵات و بۆرۆندی و ماداگاسکار ئەو نەخۆشییەیان هەیە.

# دروستکردنی بچووکترین کامێرا کە هاوێنەی هەیە



قوتابییەکی ئەمەریکی گەیشتە دیزاین کردنی کامێرایەکی زۆر بچووك کە هاوێنەی (لێنز) هەیە، بەڵام قەبارە بچووکەکەی نەبووە ڕێگر لە بوونی تێکنۆلۆژیا و سیستمی نوێ لە نێویدا.

ئەو قوتابییە کە ناوی «گریگ داشە» و تەمەنی ٢٥ ساڵە، کامێرایەکی دروستکردووە بە درێژیی تەنیا ٤ سانتیمەتر و بەرزیی دوو سانتیمەتر و پاڵنەری سەرەکیشی لەو داهێنانەدا هۆگری بە هونەری وێنەگرتن بوو.

لە ڕووی تێکنۆلۆژییەوە کامێرا بچووکەکە کە ناوی «لیتل کیکلۆپس»ە، سیستمی وێنەگرتنی بەردەوامی تێدایە و دەکرێ گرتەی ڤیدیۆی پێ وێنە بگیرێت و سیستمەکەی ئێچ دییە و توانای ١٢ مێگا پێکسڵە و نرخەکەشی تەنیا ١٠٠ دۆلارە.

# توێکڵی سێو بۆ چارەسەری شێرپەنجە لە دەرمان باشترە



توێژەرانی ئەمەریکایی گوتیان، توێکڵی سێوی سوور پێکهاتەی وای تێدایە لە گەشەسەندنی خانە (سلوول) شێرپەنجەییەکانی گورچیلە و کۆڵۆن و شێرپەنجەی مەمك ڕێگری دەکات.

توێژینەوەکە دەڵێ: توێکڵی سێوی سوور پێکهاتەی نەناسراوی تێدایە کە بۆ ڕێگرتن لە گەشەکردنی خانە شێرپەنجەییەکان یارمەتیدەرە.

تیمی توێژەرانی زانکۆی کۆرنێلال گوتیان توێکڵی سێوی سوور پێکهاتەی ترایتربیۆیدزی تێدایە کە بەرپرسی سەرەکییە لە لەنێوبردنی لووە (تووموڕ) شێرپەنجەییەکانی نێو لەش.

«ڕۆی های لیۆ» کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، دەڵێ: دەکرێ بە خواردنی ٥ تا ١٢ پارچە خۆراك لە میوە و سەوزەی ڕۆژانە مەترسییەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە لەنێو ببردرێت.

توێژەران دوای ئەوەی شیکارییان بۆ ١٠٤ کیلۆگرام لە سێوی سوور کرد، دوای دابڕینی پێکهاتەکانی و شیکردنەوەی تاقیگەیی لەسەری، گەیشتنە ئەو ئەنجامە.

## زایەڵە

فاتیح ساڵحی

### هەڵبژاردن لە سیستمە دیکتاتۆرییەکاندا

تەنیا سیستمە دیکتاتۆریی و سەرەڕۆکانن کە بۆ سەلماندنی ڕەوایی خۆیان، دەست دەدەنە پڕوپاگەندە و کۆکردنەوەی بەرفراوانی خەڵك و هەندێجار ڕێپێوانی خیابانی بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و نیشاندانی هێزی ڕواڵەتیی خۆیان.

هۆکاری ئەم کارانەش ڕوونە، چون ڕێژیم ناتوانێ لە ڕێگەی دەنگدانەوە ڕەوایی خۆی بسەلمێنێ. دەنگدانێ کە بتوانێ لە چارەنووسی وڵاتدا کاریگەر بێت و تا ڕادەیەك وەدەیهێنەری ویست و داخوازیی خەڵکان و دانیشتوانی ئەو وڵاتە بێت.

بەڵام لە ڕاستیدا لەم جۆرە وڵاتانەدا ئەگەر کاربەدەستانی سیستمە دیکتاتۆرییەکان هەست بکەن ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەتوانێ چارەنووسی خەڵك بەرەو باشی ببات و مانی دەسەڵاتداریی خۆیان بخاتە مەترسییەوە، هەرگیز ڕێگە نادەن لەو وڵاتەدا هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوە بچێت. هەربۆیە هەر چەشنە هەڵبژاردنێ کە لەم وڵاتانەدا بە هەر ناوێکەوە بەڕێوە دەچێت، سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن کە ئەم هەڵبژاردنانە هەرگیز ناتوانێ بە شێوەیەکی ئەرێنی لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵك کاریگەریی پۆزێتیڤ دابنێ و تەنیا بە شێوەیەك لە شێوەکان میکانیزمێکن بۆ مانەوەی دەسەڵات لە دەستی دەسەڵاتبەدەستانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتانەدا.

بەم پێیە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم پێوەندییەدا بە درێژای تەمەنی خۆی سەلماندوویەتی کە هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیکی تێدا بەڕێوە نەچووە کە توانیبێتی ویست و داخوازییەکانی خەڵك وەدی بێنێ.

بۆیە جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە بۆ سەلماندنی ڕەوایی و خەڵکی بوونی سیستمێك، تەنیا ڕێکارێك بوونی هەیە ئەویش هەڵبژاردنی ئازاد و بێ لایەنانە و دێمکراتیکە. هەڵبژاردنی ئازاد و بێ لایەنانە و دێموکراتیکیش پێناسەیەکی دیاریکراوی هەیە و دەبێ چوار مەرجی سەرەکیی تێدا دیار و بەرچاو بێت.

- لە هەڵبژاردندا تەقەلوب نەکرێت و پرۆسەکە لە کەشێکی ئازاد و دێمکراتیکدا بەڕێوە بچێت و چاوەدێرانی هەڵبژاردنەکەش لە کارگێڕانی سیستمەکە نەبن و بە تەواوی بێلایەن بن.
- هیچ کەس یان لایەنێك پێش بە تاك یان گرووپێك یان حیزبێکی تایبەتی نەگرێ و هیچ پێوەرێ بۆ دەسنیشانکردن و دیاریکردنی پالێوراوان بوونی نەبێ.
- خەڵك لە ڕووی ئاگاییەوە هەڵبژێرن، واتە پێش هەڵبژاردن، کاتێکی گونجاویان لەبەردەستدا بێ کە بتوانن لایەنەکانی نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بە جوانی بناسن و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان دەسنیشان بکەن و بە جوانی تێبگەیەن کە مەبەستی کاندیدایەك لە خۆپالاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان چییە.
- هەر حیزب و لایەنێك بە بێ جیاوازی بتوانێ برنامە و پرۆگرامەکانی خۆی لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە و کاندیدای تایبەت بە خۆی هەبێت و پێش بە هیچ کەس نەگیردرێ و سیستمی خودی و غەیرە خودی نەبێتە پێوەری خۆپالاوتن بۆ هەڵبژاردن.

هەر بەم پێیە لە ئێستاوە ڕوون و بەرچاوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەو نێوەڕۆکەیەوە کە هەیەتی، سەلماندوویەتی کە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك ناتەبایە و بەشداریکردن لە وەها هەڵبژاردنێکدا بە جۆرێك لە جۆرەکان تێوەگلان لە بازنەی پیلانی ڕێژیم و یارمەتیدانە بە بەلارێدابردنی بیروڕای گشتی بە قازانجی ئەو ڕێژیمە.